# ووت و وێژی گۆڤاری پەیامی فەدائی لە گەڵ هاوڕێ ئەشرەفی دیهقانی سەبارەت بە ڕوداوە کانی ئازربایجان لەم ئەخیرانەدا و کیشە میلی

ڕوداو و کارەساتەکانی ئەم دوایانەی ئازەربایجان و بەرخوردە جۆراوجۆرەکان لە لاین کەسایەتی و هێزە سیاسیە جوراوجورە کانەوە لەو بارەیەوە، هانی داین تا ئەو پرسیارانەی کە سەبارەت بەو مەسەلەیە هەیە لە گەڵ هاوڕێ ئەشرەف بخەینە ئاراوە. ئەوەی کە لە خوارەوە ئەی بینن وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە هاوڕیمان لەم ووتو وێژدا داویتە وە.

***پەیامی فەدائی:*** سوپاس بۆ ئەو کاتە کە بە ئێمەت دا. هەر وەک ئاگادارن دوای پەڵاوبونەوەی کاریکاتۆرێکی لە ڕۆژنامەی دەوڵەتی "بە ناوی ایران" کە لەو کاریکاتورەدا بێ حورمەتی کرا بوو بە مەردومی ئارەربایجان و هەر وەها زوانی ترکی، ئەمە بوو بە هۆی دربڕینی ناڕەزایەتیکی توند لە لاین مەردومی ناوچەکە تیک هەڵچونێان بە بربەڵاوی لە گەڵ هێزەکانی کوماری ئیسلامی. پرسیاری ئیمە ئەوەیە، بۆ بڵاوبوونەوەی کاریکاتورێک ئەبیتەهۆی ڕاپەڕینێکی ئاوا گەورە؟

**هاوڕێ ئەشرەف:** منیش سوپاسی ئیوە ئەکەم بو ئەوە کە ئەم ووتو وێژە بەرخوردی من سەبارەت بە مەسلەی گرنگی بزوتنەوە خەڵکی قارەمانی ئازربایجان ئاسان ئەکاتەوە. چونکە دوژمنانی جەماوەری ڕەنجەڕۆی ئێران بازاڕێکی ئاشیویان دروست کرد بۆ سەرکوت کردنی هەموو لایەنەی بزوتنەوەکە و سەر لێ سێوانی هێزە ئازادیخوازەکان. بە ڵکو بەم بۆنەوە بتوانین ئیمکانی ئەوە کە پتر و لە ڕوانگای جۆراو جۆرە مەسەلەکانی ڕوداوەکە بکەینەوە و ئەو ڕاستیانە کە هەوڵێکی زۆر درا بۆ لێڵ کردنیان ڕوون کینەوە.

واقعیەت ئەمەیە، لە دوای هەڵسانی مەرومی ئازربایجان دژ بە ڕژیمی سەربە ئیمریالیزمی کوماری ئیسلامی و بەرەنگاری لە مافە ڕەواکانیان، وەک زوان، کەڵتوور و هەویە میلی، تەنیا ڕژیمی بۆ گەن و جنایەتکار نەبوو دژ بە ئەوان بەڵکو هەموو دوژمنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی جەماوەری زوڵم لێ کراوی ئیران هەر کام بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکە ئیرتیجاعیەکانیان دژ بە مەردومی ئیمە ئامادە بوون.

ئەرکی دژی ئینقیلابی کوماری ئیسلامی، سرکوت کردنی خویناویی و وەحشیانەی جەماوەری ڕاپەڕیوی ئازربایجان بوو کە بە جێی هێنا. کوشتن، دروست کردنی لافاوی خوین، گرتنی بەر بەڵاو لە ناوشارە کان و سەرجادەکانی ئازەربایجان بو کوژانەوەی شوڵەکانی ئاگری خەبات، هەمووی کوماری ئیسلامی کردی. لە همان کاتدا ڕژیم پەنای برد بۆ دروست کردنی پیلانی بێ دەنگ کردن و برگری لە بەڵاو بوونەوەی هەواڵەکان و ڕوداوەکانی ئازەربایجانی لە کەرستەی ڕاگەیاندنەکاندا تا بەم شیوەیە مەردومی شوینەکانی تری ئێران ئاگا و خبریان لە ڕوداوەکە نەبێ. بەم جۆرە ڕژیم توانی بەربەستێک دروست کات بەرانبەر پشتیوانی خەڵکەکانی ئێران لە بزوتنەوەکەی ئازەربایجان. ئەم هەوڵو تێکوشانە تێکەڵ بوو لە گەڵ بڵاو کردنەوەی درۆو دەلسە لە لایەکەوە و شاردنەوەی ڕاستیەکان لە لایەکی ترەوە. لە کاتێکدا هێزەکانی دژی خەڵکی سەر بە تورکیە و کوماری ئازەربایجانی باکور بە دا ڕشتن وهاوردنە مەیدانی چەن درۆشمێکی پانتورکیزم هوڵیان دا و ویستیان کە شێوەو ڕەنگ و بۆی خەباتەکە بگۆڕن و جیهەتێکی دژی ئینقیلابی پێ ببخشن، هەر لە همان کاتدا کونە پرستان و دوژمنانی تر بیکار دا نەنیشتن و هەر کام بەجۆرێک بۆ سەرکوت کردنی خەباتی ڕەوای خەڵکی قارەمانی ئازەربایجان، پشتیوانی و یارمەتی ڕژیمی ئیسلامیان دا بۆ تەواو کردنی ئەرکەکی. ئەرکێکی گرنگ تر کە ئەوانە وە ئە ستۆی خویان گرد، بەڵاو کردنەوە و تەبلیغی ئیدە و بیرو بۆ چونی ژەهراوی وسەمی دژ بە گەلی ئازەربایجان بوو کە هەر کام لە ڕوانگاو بۆ چونێکی جیاوازەوە بە جێیان هێنا. گومانی تێدا نیە، ئەم هەموو هەوڵ و تیکوشانەو یکگرتنە نامۆبارەکە لە لاین کونەپرستانە وە دژ بە خەباتی بەر بەڵای جەماوەری ئازەربایجان لە پێش هەموو شتێکدا ئەو ڕاستیەیەمان بۆ دەر ئەخات ترس و خۆفی ئەوان لەوە بوو کە بڵیسە و پەرە سەندنی ئەم شۆڕشە تەواوی ئیران بـگرێتە بەر. بە تایبەت لە بەر ئەوە کە مێژوی پڕ لە شانازی گەلی ئازەربایجان ئەوندەی زەمینەی تەئسیر دانانی لە سەر بزوتنەوە و خەباتی گەلانی ئیران تێدایە کە ترس و خوفەکەیان پتر ڕوونو پێزانراوتر دەر ئەخات.

***پەیامی فەدائی:*** ئاماژەتان کرد بۆ بەڵاو بونەوەی ئیدەگەلێکی تایبەتی لە نیو جەرگەی بزوتنەوی ئازەربایجاندا، تکایە هندێک زیاتر شی کەنەوە.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** وایە، سەم پاشی دژ بەو خەباتەکانی ئەم دوایە، هەر لە یەکەم ڕوژی ڕژانە سەر جادەی خەڵکی لە گیان بێزاری تەورێز دەستی پێ کرد. ئەم تەبلیغاتە ژەهراویانە بە چەشنی جیاواز و لە شوینی جیاوازەوە ئەنجام دراوە وە ئەدرێت، هەر چەند من لێرەدا نامەوێت هەموویان ئاماژە پێ بکەم و شیان کەمەوە. بەڵام هەر ئەونەندە بسە کە ئاماژە بکەم بۆ وتارێک کە ڕادیو بی‌بی‌سی لە ناو گرمەی ڕاپەڕینەکەی مەردومی ئازەربایجاندا بڵاوی کردەوە. ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەم وتارەدا برچاو ئە کەویت ئەمەیە، کە ووتارەکەی بی‌بی‌سی بە فەن و فێڵی(تەرفەند) جوراو جور ئە یەویست بەڵکو بتوانێت بەرگری بکا لە هەر چەشنە یارمەتی دانی ئۆپۆزیسیون لە بزوتنەوەکە. واتا برگری بکات لە هەر چەشنە پشتیوانی و هاوکاری جەماوەرەکانی ئیران لە خەباتی جەماوەری ئازەربایجان. وەک ئەوە، نگەرانی ئەوە بوون کە نەکو جەماوەری ستەم لێ کراوی شوینەکانی تری ئیران خەباتی دژ بە ڕژیمی خۆیان هاوشان و هاو کات لە گەڵ خەڵکی ئازەربایجان بەرنە پێشەوە. ووتارە کە لە زێر ناوی " واقعیەتە تاڵەکان و سەر لێ شێواوی ئۆپۆزیسیون" ڕوی دەمی کردوەتە ئۆپۆزیسیون وە بە ئاشکرا داوایان لێ ئەکا کە نابێت یارمەتی بزوتنەوەی مەردومی ئازەربایجان بدەن، وە ئەڵێت "ئەم ناڕەزایەتیە کونەپرستانەیە و سرچاوەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیسمی قەومی" وەک ئەمە کە بزوتنەوەکە " لە سەر بنوای هرزی فاشستیانە دامەرزاوە" بی‌بی‌سی لەم ووتارەدا بە بێ ئەوە کە ئاماژە بکاتە کردەوە دەڕندانە و سرکوت کردنی وەحشیانەی جەماوەری زوڵم لێکراوی ئازەربایجان لە لایەن ڕژیمەوە ئەڵێت "ڕوداوەکانی تەورێز نیشانەی ئەویە کە ڕەکەبەری لە نا کومەڵگادا هەیە" بی‌بی‌سی نایەوێت باسی ئەوە بکات هۆی سەروکی ئەو وەزعە تەنیا بوونی ڕەژیمی پارێزەری سەرمایە و سەر بەئیمپریالیزم ئیسلامیە. دوایی بە پرسیارێک وتارەکی درێژە پێ ئەدا" چەند کەسێک لە برنگاری نێوان خەڵک و پۆلیس گیانیان لە دەس داوە. پرسیار ئەوەیە کە کاریکاتۆرێک بای ئەوە دێنێ کە خەڵک گیانی خۆیانی بۆ بخەنە مەترسیەوە؟" ئەوەش ئەزانین هەر هیچ نەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر بە دزی و چپەشەوە بێت ئەوەیە کە –تورکن-، و بە بەکارهێنانی ئەو سیفەتە ئەحمەقانەیە، کە گۆیا نافامن بۆیی خەبات ئەکەن.

***پەیامی فەدائی:*** سەر سووڕ هێنەرە! لە وانە ئەبێ بپرسرێت، مەگەر ئەو ڕوداوە بزوتنەوەیەکی خود بە خودی جەماوەری نە بوو؟ ڕاستیکە ئەوەیە کە جگە لە ڕاپەڕینێکی خەڵکی شتێکی تر نە بوو، چۆن ئەتوانن ناسناوی کونەپرستانە و فاشستی بۆ دانن؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بەڵێ وایە، بەڵام ئەو پرسیارە ئەبێت لەوانە بکرێت. هەر وەک ئەزانن، ئەمانە بۆ ئەوە کە ئەم بزوتنەوە خود بە خودیە مەحکوم و بێ ئیعتیبار کەن ئەڵێن هەر بزوتنەوەیەکی "مەردومی" شایانی لایەن گری نیە. ئەوانە بو سلماندنی ئەو داوایە(ئیدەعا) دوچاری هەڵەیک و غەڵەتێکی گەورە ئەبن. لە کاتێکدا شەپۆلی شۆڕشەکان و خەبات کاری جەماوەری ئینقلابی ئیران لە ساڵەکانی دهەی ٥٠ کەتمان ئەکەن دەسەڵاتداری و هاتنەسەر حوکمی ڕەژیمی ئیسلامی ئەخەنە ئەستوی مەردومی شۆڕش گێڕی ئیرانەوە. ئەمانە نا یانەوێت چۆنیەتی یارمەتی دانی خومەینی بۆ بەدەست گرتنی دەسەڵات و سواربوونی لە سەر شەپۆلی ئینقلاب لە لایەن ئیمپریلیستەکانەوە باس کەن، وە هەر لەو کاتەوە بزوتنەوە دیموکراتی خوازە و دژ بە ئیمپریالیزمەکەی گەلانی ئیران لە ڕێ ترازا وبە هەڵەدا چوو. هەر بەم بۆنەوە ئەڵێن نا بێت لە بزوتنەوەی خەڵکی ئازەربایجان پشتیوانی بکەین. ئە بێ لەمانە پرسیار بکەین کە مەگەر ئەو بزوتنەوە کە لە ئازەربایجان سەری هەڵ دا، ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە ڕێبەرێکی فاشیست و کونە پەرست وەر ئەگرت و بە ڕابەێکی وا ئەیبرتە پیشەوە کە ئیوە ماهێتێکی فاشستی و ئیرتیجاعی لە سەر دائەنێن؟

بزوتنە وەی خۆد بە خۆدی جەماوەر لە بەر نەزانی و گێژیەتی (حەماقەت) نیە، بە جۆرە کە ئەوان حزیان لێیە پیشانی دەن. بەڵکو لەڕاستیدا نیشانەی نا ڕەزایەتی و ڕق و تورەیی جەماوەرە لە دامو دەزگای حاکم و سیاسەتە نا ڕواکانی، بەیانگەری بوونی زوڵم و زۆر و ستمە. بیانگەری بەر هەڵستی و خەباتی ڕاستەقینەیە دژ بە سیستەمی زاڵمانەی حاکمە. خەباتێ هەڵ قولیوە لە ناو جەرگەی جەماوەرەوە تون و تیژیە چینایەتیەکانی ناو کومەڵگایە کە پرشنگ ئەداتەوە. ئەوە ڕاستە کاتێک لە سەر بناغەی یاسا کومەڵگای چینایەتی و بە بیانوی جوراوجور ڕەنگە جەماوەر ڕاپەڕن، هەر چەن ئەو بیانوە فرەیی ناکوکی نیوان چین حاکم بێت، وەلێ هێزە سیاسیە جۆراو جۆرەکان تێ ئەکۆشن کە بەو لایەدا کە بەرژەوەندی ئەوانی تیدایە ڕای کێشن. بێ گومان هێزە ئیرتجاعیەکان هەوڵ ئە دەن کە بخزیێنە ناو بزوتنەکەوە و ڕابەرایەتی ئەو جوڵانەوە بەدەستەوە بگرن و لە ئاکامدا ڕەوتی بزوتنەوە ڕەسەن لە جیهەتی برژەوەندی خۆیاندا سامان دەن. بەڵام ئایا لە خەباتی خود جۆشی مەردمی ئازەربایجاندا کە پتر لە چەن ڕۆژ نەبوو شتێکی وا ڕووی دا؟ وە یا بە بڕوای ئیوە خەبات بۆ وە دەست هێنانی مافە نەتەوەیەکان لە بیرو باوەڕێکی فاشیستی و ئیرتیجاعی سەر چاوە دەگرێت؟ یان مەبەستی ئیوە ئەو چەن درۆشمە (شیعار) چەواشەیە کە هەواڵ نێرە ناسراوە سەر بە ئیرتجاعەکان بە زقی بەڵاویان کردەوە!؟ تا ئیستا لە کویی جیهان و لە کام دەستکەوتێکی مێژویدا

تەنیا لە بەر بوونی چەند درۆشمی چەواشە ماهیەتی بزوتنەوەێکی خود جوش داوەری کراوە!؟ سەبارەت بە بایخی "ئەرزش" ئەو کاریکاتورە وەک هۆی سەرەکی و یا بیانو بۆ ڕاپەڕینە، ئەبێ بڵێن ئایا ئەمە یەکەم جارە کە نارەزایتی بە شتێک لە ڕواڵتدا بێ بایخەوە بوتە ڕاپەڕینێکی هەرە گەورە؟ بارەها جەماوەری ستەم لێ چوو بە بیانوی جۆراو جۆری بچوکتر لەوە ڕاپەریون. تەنانەت لە ژێر پۆششی یاسادا(قانونی) ڕژاونتە خیابان، (بۆ نمونە لە سەر کێشەی نێوان ئیمام جومعە و نوینەریکی پارلەمان) هاتونەتە سەر جادەو ڤین و تورەی چینایەتی خۆیان بەرانبەر بە ڕەژیمی کوماری ئیسلامی دەر بریوە. سەرە ڕای هەموو ئەمانە دەر برینی نارەزایەتی گەلی ئازەربایجان بەو بێ حورمەتیە کە لەو کاریکاتورەدا هەبوو خاوەن باری شۆڕگێرانەیە واتە بیانوێکی بێ پەیوەندی نیە!

***پەیامی فەدائی:*** هەر وەک ئەزانین شاهیدی ئەوەین کە برێک لە ئوپوزیسیون لە ڕاپەڕینەکەی ئازەربایجان لەم دوایانەدا پشتیوانیان نکرد. ئەو تەبلیغاتانە چەنێک ئەتوانن کار تێکەر بووبن؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بە داخە وە پشتیوانی نکردن و نە بوونی هیچ چەشنە جم و جوڵێک لە لایەن ئەو هێزانەوە کە بڕوایان بە دموکراسی هەیە و هەمیشە لە بزوتنەوەی مەردوم بە ڕۆحیەیەکی ئازادیخوازانەوە پشتیوانیان کردوە واقعیەتێکە. ئەم هێزانە چە ئەو بیرو باوەر وتەبلیغاتی ژە هراوی کاری تێ کرد بن و چە سەبارەت بە مەسەلەی میلی سەر لێ شیواوی لە نێو خۆیاندا هەبێت، بەداخەوە ئەم جارە ئەوان ئەرکی خویان بەرانبەر بە گەلی ستم لێ کراوی ئازەربایجان لە بیر چووەوە. هەر چەند نا بێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئیرتیجاع لە هەموو لایەکەوە بە توند وتیژی لە بەڵاو بونەوەی هەواڵە کان برگری کرد و ئەمە ئەتوانێ کاریگەر بێت. سەرەڕای ئەمانە هەموو ئەو هەواڵانە کە لەم لا و ئەولاوە ئەگەیشت بریەتی بوون لە جەنایەت و کردەوەی درندانە و خوینینی کوماری ئیسلامی سەبارەت بە جەماوەری رەنجبەر و زەحمەتکێش ئیمە. هەر ئەمانە ئەیتوانی هۆشدارێک بن بۆ ئوپوزیسیون. مروڤ کاتی لاوە خوشەویستەکانی وەپیش چاو خۆی ئە هێنێ (تەسەور ئەکا) کە چۆن گولەباران ئەکرێن و لەخوینی خۆیاندا غەڵتانن، و یان لە ژێر باتومی هێزی وەحشی نیزامیەکاندا گیانیان لە دەست ئەدەن، کاتێک ئەی خەینە بیر خۆمان کە ئەو بە کرێ گیراوانە بەزە یان نەهاتەوە بەو منداڵانە کە لەگەڵ گەورەکانیان هاتبوونە ناو خۆپیشدانەکە کوژران و یان بریندار بوون، کاتێک کە ئەژنەوین "سەربازانی گوم ناوی ئیمامی زەمان" واتە، هێزی پاراستن (ئیطلاعات)ی جەنایەت پێشە، تەنانەت بەزەیان بە بریندارەکاندا نەهاتەوە و لە خەستەخانەکان رفاندیانیان و و بردنیانە ژێر ئازار و ئەشکنجە و کوشتن، کاتی کە هەستی هاو دەردی لە گەڵ بنەماڵە لێ ڤەوماوەکان لە مرۆڤدا ئەبزوێت، هەوڵ و تێکۆشانی ڕەژیمی ئیرتیجاعی بو تەنیا کردن و بردانی خەباتی جەماوەری ستەم لێکراو، بۆ دەر ئەکەوێت وە ئەمە کە هاوار و بانگی داد خواهیان لە درەوەی وڵاتیش نەگەیشتە گوێی هەموو کەس و هەواڵەکانیان بەڵاو نەکرایەوە. ئەمەوێت بەخویندنی "بایاتێ" کی تورکی هاو دەردی خۆم دەر برم

<table><tr><td>هرآی هرآی هر آیلار</td><td>هر اولدوز لار هر آیلار</td></tr><tr><td>چمن ده بیر گل بیتیب</td><td>سوسوزوندان هر آیلار</td></tr></table>

بۆ ساتێک تەسەور کەن....

ببورن مەسەلەی جۆراو جۆر میشکمی بە خۆە مەشغوڵ کردوە وە لە سەریان درێژەم دا بە باسەکە، وابزانم وەڵامی پرسیارەکەتانم نەداوە ئەگەر بۆتان ئەکرێت بی پرسنەوە.

***پەیامی فەدائی:*** باشە، ئەزانم کە ئەو کارە ساتە زۆر ناڕاحەتی کردوون، لە ڕاستیدا وەڵامی چەن پرسیارێکتان دامەوە کە ئەم ویست بیان پرسم. بەڵام ئەگەر بۆتان ئەکرێت ئەو شێعرانەی کە خویندتانەوە تەرجومەکەنەوە.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ئەم "بایاتیە" باسی گوڵێک ئەکات کە لە چەمەنێکدا ڕوا بوو، کەس پارێزگاری و ئاویاری نەدەکرد. ئەم شێعرە بەیانی حاڵی ئەو گوڵەیە کە هاواری بە هیچ کوی نەدەگەیشت و خەریک بو لە تینویەتیدا بخنکێ. ژیانی جەماوەری ستەم لێ کراوی ئازەربایجانیش وەک ئەو گوڵە یە، بەڵکو هێزێکی ئینقیلابی پەیدا ببێ و ئاوێکی پێویست و گەوارایان پێ بگەیەنێ.

***پەیامی فەدائی:*** یەکەم پرسیار ئەوە بوو، کە چۆن چاپ و بە ڵاو بوونەوەی کاریکاتورێک لە ڕۆژنامەیکدا ئەبێتە هۆی ڕاپەڕینێکی بەر بەڵاو لە شارە جوراوجورەکانی ئازەربایجاندا؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** لە سەرەتادا با بزانین ئەو کاریکاتورە چی بووە و بۆ بوەتە هۆی هەڵسانی جەماوەری ستەم لێ کراوی ئازەربایجان. ئیزنم بدەن کە پێشەکی وەڵامی پرسیارە کە بەم جورە بدەمەوە، ئەگەر لە ژێر خوڵە مێشێکی

زۆردا کە بە ڕواڵەت کوژاوەتەوە، ژێڵەموی بە تین هەبێت، تەنیا سروەیەکی بچووک بسە بۆ ئەوە خۆڵەمێشەکە لا دا و ئاگرەکە گەش کاتەوە. ژێڵەموی ژێر خۆڵە مێش، ڕق و قینی چینایەتی جەماوەری ستەم لێ کراوە، کە بریەتین لەو کارگەر و زەحمەتکێشانە کە دڵیان پڕە لە ڕق کین و بێزاری بەرانبەر بە سەرمایەدارەکان و ڕەژیمی پارێزەر و پاسەوانی بەرژەوەندی ئەوان یانێ کوماری ئیسلامی. ئەگەر بزوتنەوەی مەردومی ئازەربایجان و ڕاپەڕینەکەیان تەنیا پیوەند بدەین بەو کاریکاتورە لە باشترین حاڵەتدا جگە لە بە بێ بایەخ سەیر کردنی ڕوداوەکە چی ترە؟ واقعیەت ئەوەیە بە بۆنەی سیستەمی ئابووری – کومەڵایەتی (ئیقتیسادی – ئیجتیماعی) سەرمایە داری وابستە کە لە ئیراندا حاکمە وە هەر وەها دا بەش کردنی باری قەیرانەکانی ئیمپریالیستی بو سەر شانی جەماوەر، کارگران و زەحمەتکێشانی ئێمە چە لە ئازەربایجان و چە لە سەرانسەری ئیراندا، ڕو بە ڕوی گەلێک زوڵم و ستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بونەتەوە و لە ناو هەل و مەرجێکی وەحشەتناک کە زاڵە بە سەریاندا دەست و پێ ئەکوتن. ڕادە و پلەی (ابعاد) هەژاری، نەداری، بیکاری و برسیەتی لە نێو کارگەران و زەحمەتکێشاندا زۆر بەرزە. زۆری ستەمی جۆراوجۆری کومەڵایەتی و فەرەنگی دەماری لە ڕوژگاری جەماوەری ستەم لێکراوای دەرهێناوە. بە گشتی شەرایتی ژیان و هەلو مەرجەکانی بۆ هەمووان بە تایبەت کارگەران و زەحمەتکێشان لە ژێر سوڵتەی سەرمایەداری ئەمڕۆدا لە ڕادەبە دەر دژوار و زۆر گرانە. سەرەڕای سەیتەرەی دیکتاتۆریەکی هەوسار بچڕاو کە بە توندی و بەر بەڵاوی وە بە شێوەیەکی زۆرە ملی و ملهوڕانە وە بە کاربردنی وەحشاینەترین کردەوەی دەڕەندانە کە ڕژیمی کوماری ئیسلامی بە کاری دینێ بەرابەر بە مەردوم، هێشتا هەر ڕۆژ ئیمە شاهیدی شەپۆلێکی تازەی خەباتی کارگەران و زەحمەت کێشان و جەماوەری تری ستەم لێ کراو لە هەموو شوێنێکی ئیران داین. لە واقیعدا هەل و مەرج بۆ بڵێسە کێشانی ژێڵەموی ژێر ئەوخۆڵە میشە ئامادەیە و بیانوویەکی بچوک بسە تا شوڵەی خەباتی هەموو لایەنە لە هەموو شوێنێکەوە گڕ بگرێ و بڵیسە بستێنێت. هەر ئەو زەمینەیە بوو کە ناڕەزایتی خەڵکی ئازەربایجانی دژ بەو بێ حورمەتی و ئیهانەتە پیسەی ڕۆژنامەای دەوڵەتی "ایران" بە خەڵکی تورکی، لە کەم ترین ماوەدا کردە خەباتێکی گەورەو بەر بەڵاو لە ئازەر بایجاندا.

***پەیامی فەدائی:*** ئایا ئەم کاریکاتۆرە لە ڕاستیدا، خۆی بەجۆرێک بوو کە ببێتە هۆی هاندانی بزواندنی خەڵکی تورک زوبان؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بەڵێ، ئەمەویست لەو بارەۆە باس بکەم. ئەو کاریکاتۆرە کە لە ژێر ناوی " چ بکەین تا سوسکەکان نەمان کەنە سوسک" لە پڕ لە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەتی کە لە ژێر چاو دێری ڕاستەوخۆی جەنایەت کارانی وەزارەتی ئیتلاعات دەر ئەچێ، لەژێر چاودێری ئەو جەنایتکارانە کە جگە لە خزمەت کردن بە ڕەژیمەکەی خۆیان سەریان بە هەزار شوینی ترە وەسڵە، لە چاپ درا. لەم کاریکاتۆرەدا بەزوانێکی زۆر پیس (مستهجن) باسی سوسک و ئاودەس ئە کرێت و چونیەتی لە ناوبردن و قەڵاچو کردنی سوسک دیتەگۆڕی. هەر لە سەرتای دیلۆگەکەدا دیارە کە مەبەست لە سوسک تورکەکانن. کاریکاتورەکە ئەڵێت ئەم سوسکانە زوبانی "مرۆڤ" تێناگەن و چون نەفامن  هەر چیکیان پێ ئەڵێ لێت ئەپرسن " نمەنە" (ئەو ووشەیە تورکیە و بەرابەری "چی؟" لە فارسیدا)! کاریکاتۆریستەکە بۆ قەڵاچۆ کردنی سوسکەکان و یان بە خەیاڵی خۆی "تورکەکان" تاکتیکی جۆراوجۆر پیادە دەکا بۆ نمونەیەکێک لەوانە ئەمەیە کە ئەڵێت بە نەچوون بۆ ئاودەس سوسکەکان لە برسا ئەمرن و نەسڵیان لە بەین ئەچێ. وە لە دوایشدا تاکتیکی "شیرین خشونت" پێشنیار دەکات. ئەم کاریکاتورە لە ڕاستیدا تەنیا بۆ دروست کردنی ناکوکی و دوژمنی لە مابەینی تورک و فارس بە شێوەیەکی شەرم هێنەر و هاندەر تەڕاحی کراوە و هیچی تر نیە.

***پەیامی فەدائی:*** مەبەستان ئەوەیە کە دەستێک لەکاردایە تا بە ئەنقەست خەڵکی ئازەربایجان دژ بە خەڵکی فارس هاندا؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ئەوەیە کە مەردومی ئازەربایجان دژبە ڕژیمی کوماری ئیسلامی شورشیان کرد و بزوتنەوەیەکی گەورەیان دژ بەم ڕژیمە کە مەوردی ڕق و نەفرەیێکی زۆرە جەماوەری ستەم لێکراوی ئیمیە لە شارەکانی ئازەربایجاندا خستە ڕێ یانی واقعیەت ئەوەیە کە ناتوانین ئەوەی کە ڕی دا نسبەت بدەینە پاڵ تئوری دەستە ناپاکەکانەوە. ئەوەش ئەزانین لەکاتی بزونتەوەی ئاوا دا کە مەردوم ئهڕژنە سەر جادەکان، هەر دەستێکی نا پاک تێ ئەکوشی کە جیهەتی خەباتەکە بەخاتە ئەو کاناڵەوە کە بەرژەوەندی ئەو ئەپارێزێت. ئەساسەن چون بزوتنەوەی مەردومی و بەرز بونەوەی موبارزەی جەماوەری ستەم لێ کراو هێرش ئەباتە سەر نەزمی ئابوری و کومەڵایەتی حاکم و کوماری ئیسلامی وەک پارێزەری ئەو نەزمە، ئەو بزوتنەوە ناتوانێ لە لاینگری و پشتیوانی هێزەکانی دژ بە خەڵک و دوژمنانی ڕەنگاو ڕەنگی مەردوم و خاوەنی ئەودەستە نا پاکانەوە بەر خودار بێت، مەگەر ئەو هێزە نا

پاکانە بزانن و دڵنیا بن کە ڕابەرایەتی و کونترولّی جوڵانەکە ئەکەوێتە دەس ئەوان. ئەو جوڵانەوەیە کە لە ئازەربایجان دا ڕوی دا وەک باسم کرد سەر چاوە ئەگرێتەوە بۆ ئەو بارو دوخە نا لە باری کە بە سەریندا حاکمە و بەیانگەری توند و تیژی چینایەتیە لە کومەڵگای ئێران دایە.

سەرەڕای چاپوشی کردن لە وە کە لە کردەوە دا چ هاتە گۆڕێ کە لە سەدا سەد بابی مەیل و خواستی دوژمنانی مەردوم نە بوو، بەڵێ، نە هەر یەک دەس بەڵکو چەندها دەسی نا پاک لە کاردان تاکو خەبات و تێکوشانی گارگران و زەحمەتکیشان و مەردومی چەوساوەی ئێران لە ڕێبازی خۆی لا دان و بە هەڵەیدا بەرن و بۆ سەر خستنی ئامانجی دژ بە خەڵکی کەڵکی لێ وەر گرن. دروست کردنی ناکوکی و دوژمنی لە نیوان خەڵکەکانی ئێراندا بۆ لەیک بپچڕان و جیاوازیان لە یەکتر، و زمینە سازی و دروست کردنی هەل و مەرجێک بەو شێوەیە کە ئیمپریالیستەکان بەو پەڕی دڵ ڕەشی و بێ ڕەحمی لە یوگسلاوی دروستیان کرد، بە کورتی بەردانە گیانی یەکتری گەلانی ئیران ئەو ئامانج و ئارەزوە خەتەرناکیە کە خاوەنی ئەو دەسەنا پاکانەیە دوای کەوتوون. بێ هۆ نیە کە کەسانێکی خاوەن ئیعتیبار لە نیو هەیئتی حاکمەی ئەمریکادا- کەسانێکی وەک مایکڵ لدین لە ئەنیستیتوی امریکن اینترپرایز، پەیوەندی لە گەڵ مەسئەلەی میلی لەئێراندا کونفەرانس دائەنێ. ساڵی ڕابوردو چەن کەس بەڕواڵەت وەک نوێنەری ئازەربایجان و بەلوچستان و کوردستان لە دەوری ئەو پیاوە لە واشنگتن کو بونەوە تا سیاسەتە ئیمپریالیستیەکانیان لەم لەم بارەوە پێ بفامێنن (تفهیم)، یا ئەتوانین ئاماژە بکەین بۆ کونفەرانسەکەی ئەم دواییە سەنای ئامریکا لە ژێر ناوی "جادەی ئازادی...." کە بە داخەوە حیزبی دموکراتی کوردستانی ئێران و کومەڵەش بەشداریان تێدا کرد.

ئاکامی بە جێ هاتووی ئەو سیاسەتی ئیمپریالیستیە بو دروست کردنی ناکوکی و دوژمنایەتی لە ناو گەلانی ئێران، بە هەر جۆر لە کردەوەی بڕێک هێزی ناسراودا لە ناو گەلانی جۆراوجۆری ئیران خۆیپیشان ئەدا. ئەو هێزانە کە بە شیوەی جۆراو جۆر بۆ پێش بردنی خەتی ئیمپریالیستی تێ دەکۆشن. جیگای گومان نیە سەبارەت بە ڕاپەڕینەکەی ئازەربایجان داهاتوو ڕوونی ئەکاتەوە ئەوانە کە لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەی تەورێز ویستیان بە درۆشە دژ بە "فارس"کانیانی تۆی ناکۆکی و ئاژاوە بچنن سەریان بە کوی‌وە بە سراوە. پێشنیاری درۆشمی وەک " ڕوس، ئەرمەنی، فارس، دوژمنی تورک" کە لە کەرهستەکانی ڕاگەیاندنی "کوماری ئازەربایجان" بە گەرم و گوڕی بەڵاو ئەکرایەوە تەئیدێکە بۆ سەلماندنی ئەو دەستە ناپاکانە. ئەم هەڵویستە بە چەشنێکی ڕوون و ئاشکرا ماهیەتی تەراحەکانی ئاشکار دەکا چون درۆشمەکە لە گەڵ مێژوو و ڕاستیەکانی ژیانی خەڵکی تەورێز و مردومی ئازەربایجان بیگانەیە و لە گەڵ بیرو باوەڕ و ڕۆحیەی ئەواندا ناگونجێت. بە تایبەت لە نێوان شاروەندانی تەورێز و جەماوەری ستەم لێکراوی ئەرمەنی دوسایەتیەکی کۆن و پتەو هەیە. ئەوە هێزە کونە پەرستەکانی دژ بە خەڵکن کە ئەیانەوێت ئەو دوستیە بگۆڕن و بیکەن بە دوژمنایەتی.

***پەیامی فەدائی:*** هەر وەک ئاگادارن برێ لە سەردەمدارەکانی ڕەژیم جوڵانەوەی مەردومی ئازەربایجانیان نسبەت دا لای عەواملی بیگانەوە. بۆ نمونە شاهرودی ووتی "زۆربەی دەس گیرکراوەکان عەواملی گروهەکەکان و دوڵەتە خارجیەکانن." ئێوە لەم بارەیەوە چی ئەڵێن؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** سورشتیە کە سرکوت کردنی وەحشیانەی خەباتی ڕەوای مەردومی ئازەربایجان و کردەوە شرم هێنەرەکەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە ئەو چەن ڕوژە، ئەمڕۆش سەبارەت بە خەڵکی ستەم لێ کراوی ناوچەکە کردیان ئەبێت بە شێوەیەک سەر پۆشی لەسەر دانرێت و تەوجیە بکرێت. ئەیانەوێت بە نسبەت دانی بزوتنەوەکە بە دەرەوەو ڕەسنەیەتی جوڵانەوەکە بخنە ژێر پرسیارەوە. زۆر گاڵتەیە کە دەیان هەزار نە بەڵکو سەدها هەزار خەڵک کە لە و بزوتنەوەدا بشداریان کرد بکەنە نوکر و عاملی بیگانە. شتێکی وا تەنیا بۆ تەوجیهی کردنی جەنایەت و کردوە پیس و نا شایستەکەی خویانە لە حەق دەسگیر کراوەکان ئەڵێن. هەر حکومەتێکی دژ خەڵکی بە جۆرێک ئەبێ کردەوە ننگینەکەی خۆی بە شێوەیە تەوجیە کات و دەس بکاتە فریودانی خەڵک. ڕێبەرانی کوماری ئیسلامی ئەم ڕێگایانە هەڵ بژارد. لە لایکی تریچەوە بەکرێگیراوانی ئەودیوی سنوری "ئازە ربایجان" کە لە نوکری کردنیان بۆ ئامریکا گومان نیە، بە ئاشکرا لە کاناڵی کەرەستە ڕاگیاندەکانەوە هەوڵیان دا تا بخزێنە ناو شوڕشەکە.

***پەیامی فەدائی:*** ئایا هەموو ئەو درۆشمانە کە لە ناو بزوتنەوەکەدا بوو تورکیستی بون؟ هوی ئەوە کە ئەم پرسیارەتان لێ ئە کەم ئەوەیە کە لە ناو برێک لە هێزە بە ڕواڵەت چەپەکانیش دا هەن کەسانێ کە ئە ڵێن داوخوازیەکان زیاتر ناسیونالستی و قەومپرستانە بوو.

# ووت و ویژی گۆڤاری پەیامی فەدائی لە گەڵ هاوڕێ ئەشرەفی دیهقانی
# سەبارەت بە ڕوداوە کانی ئازربایجان لەم ئەخیرانەدا و کیشە میلی

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بەهیچ جۆرێک، بەپێچەوانەی ئە وەی کەڕەستەکان ئەیڵێن دروشمی چەواشە و پان تورکیستی لە ناو بزوتنەوەکەدا خاوەن ئەو شوینەوار بربەڵاویە کە ئیدەعا دەکرێت نە بوو. بەڵام بەم حاڵەشەوە برێک بە بۆچونێکی تەنگ نەزەرانە و ئەفکاری شوینیستی خویان ئەیانەوێت هەر چەشنە هەڵویستێکی ڕەوای میلی ئازەربایجان وەک مافی ئازادی زوبان بکەنە دروشمی پانتورکیسم و ناسیونالیستی برژوازی. بە پیچەوانە، ئاراستەکردنی داخوازیە میلەکان وەک خواستێکی دیموکراتیکخەڵەکانی ئێران بەشێی هەرە گرنگی ئەم بزوتنەوە بوو کە ئەگەر لە ڕوانگای مێژوویەوە سەیریان کەین بۆمان دەر ئەکەێت کە نیشانەی پیش کەوتووی کومەڵگاکەمانک هەر چۆن لە حەوزەکانی تردا، نمونە وەک بزوتنەوەی ژنان خۆی ئاشکرا کرد. بە پێچەوانەی خەباتی ساڵەکانی ٥٠ کەهەڵویستەکان داوخوازیە گشتیەکانیانی دەر ئەبڕی ئیمڕو هەڵویستەکان ڕاستەو خۆ ئەو داوخوازیە داوا ئەکا کە لەو حەوزە تایبەتیەدا قیتە وە ئەمە زۆر پوزەتیڤە (مثبت).

گەلی ئازەربایجان بەرانبەر بەو بێ حورمەتیە کە لە ڕێگای ڕۆژنامەی دەوڵەتی "ایران" وە بە زوانی تورکی کراوە و هەر وەها نفی هەویەی میلیەکەیان سوک سەیر کرادنیان بە در برینی نا ڕێزایەتی جارێکی تر سەلماندیان کە ئیتر حازر نین و بێ حورمەتیان پێ بکری و چەپۆکەسەرە بدریەن. ناوەروکی هەڵویستە گشتیەکان کە ئەم کاتە بەچەشنێکی بەر بەڵاو تەرحکرا لەلایەن جەماوەرە ڕاپەڕیوەکەوە بەیانگەری داواکاری مافە ڕە واکان و خواستی عادڵانەی میلی بوو. تا ئەو جێگایە کە من ئاگادارم ئەو دروشمەکان کە خواستی عادڵانەی زوان و هەوییە میلیان دەر ئەبڕی ئەمانەبوون؛ ئازەر بایجان اویاخدی – ئوز یلینە دایاخ دی (ئازەربایجان هۆشیارە - پشتیوانی زوانەکەیەتی)

با جارێک دەس لەو نسبەت دانی "ناسیونایستی و قەوم پەرستی" هەڵگرین. پرسیاری هەرە گرنگ ئەمەیە کە ئایا مەردمی ئازەربایجان مافی ئەوەیان هەیە کە داوای ئەوە بکەن کە زوانی تورکی ڕەسمیەتی هەبێت لە ئێراندا؟ ئایا مافی ئەوەیان هەیە کە داوا بکەن هەویەتی میلی ئەوان وەک گەلی تورک بەڕسمیەت بناسرێت و لە هەموو ئەو مافانە کە ئیستا گەلی فارس بەهەرەی لێ ئەگرێ، ئەوانیچ بەهرەمند بن؟ ئایا ئەم خواستە خواستێکی عادڵانە نیە؟ بۆ؟ هەر کاتێک گەلێک داوای مافە ڕەواکانی خۆی ئەکات ئەمانە ئەکەونە بیری ناسیونالیسم و قەوم گرایی!؟ هەر ئەم وشە "قەوم" و " ئەقوام"ە سرنج دەن، ئایا لە ڕاستیدا بە کار هێنانی ئەم وشانە بەرانبەر بە گەلانی (ملت) ئێران خاوەن بارێکی زانستیە؟ وە یان ئەم وشانە تەنیا بۆ بچوک کردنەوەی ئەو گەلانەیە؟ ئایا ئەوانەی کە ئەم وشانەبە رانبەر بەگەلانی تورک و کورد و بەلوچ و غەیرە بە ئاسانی بە کار دێنن حازرن بە فارسەکانیچ بڵێن قەومی" فارس!؟ من نازانم کە ئەمانە کام هەڵویستی گەلی ئازەربایجان بە مارکی ناسیونالیستی ڕەد و نەفی ئەکەنەوە. سەبارەت بە بۆ چونەکانمان لە "ناسیونالیسم" ئەتوانین باسێکی ڕاستەقینە (جبدی) بکەین، بەڵام تا ئەو جێگا کەمن ئەژنەوم زۆر کەس بۆ بێ ئیعتیبار کردون و دور خستنەوەی ئەم بزوتنەوە، ئەو جەماوەرە کە بەشداریان کرد بوو تێدا نە تەنیا بە ناسیونالیسم بەڵکو بە جودای خواز تاوانبار کران.

***پەیامی فەدائی:*** واقعیەت ئەوەیە کە ئەمانە بە بۆنەی بوونی چەند دروشمێک کە هەواڵ نێرەکانی برژوازی قیتان کردەوە و دو پاتیان ئەکردەوە ویستیان ڕەسەنیەتی جوڵانەوە و خەباتی گەلی ئازەربایجان ڕاوستێنن و بیخەنە زێر پرسیار و گومانەوە.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ڕاستە، بە ئەمانە ئەبێ بسلمێنین و پێان بڵێن ئیوە تاکە بزوتنەوەیەکی خود جۆش پیشان بدەن کە دوژمنانی نا بابی ئەو بزوتنەوە خۆیان تێ نەکوتابێت و هەوڵیان نەدا بێت بۆ قیت کردنەوەی هەڵویستەکانی خۆیان. ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە هەمیشە ڕو ئەدا. هەر بەم بۆنەوە ئەرکی سەر شانی کسانی ئاگا و ئینقلابیە کە لە بزوتنەوەی جەماوەردا بەشداری بکەن و بە بردنی هەڵویستی شوڕشگێرانە و ئینقلابی بۆ ناو بزوتنەوەکە بیکێشن بۆ جیهەتی ئینقلابی و نەیەڵن دوژمنانی ڕەنگ وا ڕەنگی مەردوم کە لە لباسی دوستان بزوتنەوەکە چەواشەکەن و لە ڕێ لای دا. بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە کە ئەو هەموو خەڵکە کە ژمارەیان زیاتر لە سەدها هەزار نەفر باس ئەکەن هەمویان دروشمی چەواشە و نا ڕەوایان پێ بوو؟ ئەگەر هەڵویستە میلیەکانیش وەبەر چاو نگرین ئایا ئەو هەڵویستانە کە دژ بە کوماری ئیسلامی بۆ چەواشە(انحرافی)یەو نا ڕەوا؟

***پەیامی فەدائی:*** ئیزن بدەن لێرەدا کەمێ تەمەرکوز بکەینە سەر مەسەلەی میلی. لەگەل ئەم واقعیتەدا کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و ئیوەش ڕوڵەی خەڵکی زێر دەسەڵات و چەوساوەی تورکن، ماف و خواستەکانی خەڵکەکانی ئێران چۆن ئەبینن و بە تایبەت داواکاریەکانی خەڵکی ئازەربایجان کامانەن؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** لە سەرە تادا پیویست بە ڕوون کردنەوەیەک هەیە وە ئەوەش بۆ منسەیرە کە لە ئێوە ئەژنەوم کە وەک ئەوجۆرە کە هەبوو کاتی کە باسی خەڵکی ئازەربایجان ئەکەن ئەڵێ خەڵکی تورک. ئەم ڕۆژانە زیاتر ئەژنەوین کاتێ مەسەلەی ئازەربایجان دیتەگۆڕێی کەسانێ پەیدا دەبن و خەڵکەکە بە"ئازەری" ناو ئەبن. یان ئەژنەوین کە لە زوانی "ئازەری" باس ئەکەن. ئە م ووشەیە بۆ من خوم بیگانە و نامۆیە. ئەڵبەت ئەگەر بۆ ئەوەکە لە باری جوغرایایەوە بمانەویە تورکی ئازەربایجان لە تورکی تورکیە جیا کەینەوە قەید نا کا، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە خەڵکی تورکی ئازەربایجان خویان بە تورک ئەزانن نەک "ئازەری". من لە هیچ کەس و هیچ کوی نەم بیستوە تەنانەت یەک نەفەر بڵێت من "ئازەریم" یان بە زمانەکەی خۆی کە تورکیە بڵێت "زوانی ئازەری" بەڵام لەوەئەچێ ئەم ڕۆژانە توانیویانە ووشەکە ڕەواج بدەن و لە جیگای زوانی تورکی یان تورکی ئازەربایجان ئەو ووشە بە کار بێنن. پێش تریش ووتومە کە ئەگەر مەردومی دەورو بەری چۆمی ڕەوان ئەڵێ "ئاراز" بە مانای ئەوە نیە کە ئەو ووشە دورست نیە و ئەبێ بڵێن "ئە رەس" و خەڵکەکە لە هەڵە دان.

با بگەڕێنەوە بو پرسیارەکەی ئیوە، بەڵام ئیزن بدەن پێش لەوە باسی خواستەکانی میلی بکەین کەمێ باسی ئەو ستەمە میلییانە بکەین ئە ستەمە کە خەڵکانی غەیری فارس و کە یەکێک لەوانە خەڵکی ئازەربایجان دەی کێشن.

***پەیامی فەدائی:*** کە وا بوو تکایە جگە لەو ستەمانەکە ڕەژیم ئەیکات ئاماژێک بکەن بۆ ئەو بەرخوردانە کە لەم بارەوە لهناو کۆمەڵگا دا ئە کرێت.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بەڵێ، چون باس کردن لە ستەمی میلی بە بێ بەرخورد کردن بە بیرو بۆچونی هێزە سیاسیەکان و هەر وەها تەنانەت بۆ چۆن و کردەوەی جەماوەری ئاسایی ئیمکانی نیە. مەبەست لە جەماوەری ئاسایی واتە ئەو کە سانە کە لە ژێر سوڵتەی حکومەتە دژ بە گەلەکانی پەهلەوی(پدر و پسر) و کوماری ئیسلامی ژیاون و بە بێ ئەوە بزانن ئەوانیچ لە پەرەپێدان بە فەرهەنگی زاڵ واتە فەرهەنگی چینی خاوەن دەسەڵات تێ کۆشاون.

ستەمی میلی بە بڕوای من پێ شێل کردنی مافە دیموکراتیەکانە بەشێکی گەورەی کومەڵگا یە. بە پێچەوانەی ئەو بیرو باوەڕانە کە پشتیوانی کردن لە مافە نەتەوە یەکان بە تەعەسوب ئەزانن وە هەر ئەمە پیشاندری ئەویە کە هیچ دەرکێکیان لە مەسەلەی میلی نیە. لێرەدا مەسەلەی باوەڕ و ئیمانی هەموو جانیبە بە ئەساسی دیموکراسیە نشان ئەدا. باس لە سەر ئەوەیە کەئایا بەڕاستی ئیمە داوای بەرابەری ئەکەین و بەرا بەری خوازین! ڕاستی و واقعیەت ئەوەیەکە خەڵکەکانی تری ئێران، -جگە لە خەڵکی فارس- کە لە چوار چێوەیەکی دیاری کراو جوغرافیدا بە ناو ئێران ئەژین و وڵاتی ئێران وڵاتی هەموویانە، شاروەندی دەرەجە دویان حەسێبی ئەکرێن. لەوە ئەچێ کە ئەتومسفوری (فە زای) گشتی وایە کە شاروەندی دەرەجە دووی بونیان قبوڵ کراوە. بۆ نمونە، کاتی کە ئەم ڕستە بەکار ئەهێنین "موسیقای رسەنی ئێرانی" مەبەستمان تەنیا موسیقای فارسیە، مەبەست بەهیچ خۆرێک موسیقای تورکی، کوردی، لوڕی و... نیە تەنیا مەبەست موسیقای ئێرانیە! ببورن(!!) موسیقای فارسیە. هەر شتێکی تر کە فارسی نەبێ مارکی "محەلی" ناوچەیی لێ ئەدەن (وەک چتێک ووشەی ئێرانی برابەرە لە گەڵ فارسی). لە ڕاستیدا ئەوەی کە من باسی ئەکەم واقعیەتی ناو کۆمەڵە، ئەمەکە بۆ وایەو تاوانی کێ یە – کە سەد لە سەد تاوانی ڕەژیمە دژی نەتەوەیە کانی ئێرانە- باسێکی جیاوازە. هەر لەم بارەیەوە، زوانی هەموو خەڵکەکانی ئێران جگە لە خەڵکی فارس ڕەسمی نیە نا بەرابەری لەم بەشەدا لەو بەشەکانی تر پتر خۆی پیشان ئەدا. بۆ نمونە کارگەریکی کورد، عەرەب، بەلوچ و یا تورک کە پلەی خویندەواری کەمە و یان هەر نەخویندوارە و فارسی نازانێ زیاتر لە کارگەرێکی فارس زوان مافەکانی پێ شێل ئەکرێت، کە ئە توانین بە درێژی باسی کەین (بەڵام لێرەدا ئیمکانی نیە) لە لایەکی ترەوە، کاتی کە لە بنەوا زوان و هەویەتی میلی بە ڕەسمیەت نەناسرا و سەرکوت ئەکرێت، هەر ئەمە ئەبێتە هۆی کارتێ کردن لە بەشەکانی تری ژیاندا بە چەشنێکی نا گەوار، بو نمونە ئازادی بیان لە نەزەردا بگرین. بە هۆی ئەم واقعیەتە کە لە ئێراندا بۆنەی <u>سوڵتەی دیکتاتوری، وەک بەشێک لە مەوجودیەتی ڕەژیمە دیکتاتورە کانی کە قەت لێ جودا نابێتەوە</u> هەموو خەڵکە کانی ئێمە لە نەبوونی ئازادی بیان ڕەنج ئەچێژن. ئەمە ستەمێکی گەورەیە کە هموو خەلەکانی ئێران بەشدارن تێدا. دوای دەورەی ڕەزا خانی ملهوڕ بەم لاوە، بە بۆنەی پێک هاتنی دەوڵەتێکی مەرکەزی برژوازی کە نوینەری بەرژەوەندی ئیمپریالیستەکان و سەرمایەداران سەر بە ئەوان لە ئێران دا بوو، دایان لە دەهۆڵی و زوڕنا بو شوینیسم و سەرکردەی و بەرتری فارس و هەل و مەرجێکی وایان دروست کرد کە خەڵکەکانی غەیری فارس مافە کانیان زیاتر پێ شێل بکرێت و بێ بەشتر بن. ئە م خەڵکانە تەنانەت بویان نیە کە لەو چوارچێوەدا کە بۆیان دیاری کراوە بیر و باوەڕ و هەست و هەڵویستی خۆیان بە زوانی خۆیان دەر بڕن. (تەئسیر) و کار تێ کردنی ئەو بێ بە شیە لەکومەڵادا زۆر پان و بەرینە کە لێرەدا دەرەتانی ئەومان نیە کە هەموو لایەنە مەنفیەکانی باس کەین، تەنیا ئاماژە ئەکەمە چەشنی پێش کەوتن و پەرەسەندنی باری فەرهەنگی و ئەدەبی.

ئەگەر هەموو خەڵکەکانی ئێمە بیان توانییەت پیویستیەکان و داخواستەکانیان بە زوانی خۆیان ڕاگەیندایە پێشکەوتویەتی ئەدبیاتی ئێمە ئیستا لەم پلەدا بوو؟ ئایا هەرگیز بیرمان لەوە کردوەتەوە ئەگەر خەڵکەکانمان ئازاد بوایەن کە بە زوانی خۆیان بنوسن و شێعر بڵێن ئیمە شاهیدی ئەوە دەبوین کە جوانە کانمان لێ هاتویی (ئیستعداد) و کارامەیان (توانائی) پتریان لەخۆپیشان ئە دا بۆ بۆ پێش خستن و پەرەپێ دانی فەرهەنگ و ئەدەب، بەچەشنێک کەئیستا چەند شاملو مان هەبوایە!؟ ئایا سەمەد بیهرەنگی و غولام حوسەینی ساعیدی و زۆربەی شاعیران و نوسەرانی ئیمە ئەگەر ئازاد بوایەن و بیان توانیایەت هەست و نەزەری خویان بەزمانی زگمایی خۆیان بنوسن و دربڕن، بەرهەمێکی ئەدبی چاکتر و درخشانتر و جوانتریان پێش کەشی کومەڵ نەدەکرد؟ وە ئایا بە گشتی، ئازادانە کەڵک وەرگرتن لە زوانی زگما یارمەتی نە ئەدا بۆ دەوڵەمەند (غنا) کردنی ئەدب و بە گشتی پێشکەوتنی فەرهەنگ لە کومەڵگای ئیمەدا؟ دەرەتانمان نیە کە بڕوینە ناو قوڵای باسەکەوەو بە ووردی لێ بکۆڵینەوە، تەنیا ئەوە لە نەزەردا بگرن کە ئەگەر نوسەرێکی غەیر فارس بیەوێت لەبارەی خەڵکەکەیەوە بنوسێت لە گەڵ چ دژواریکدا برنگار ئەبێت! لایەنی کەم کەسی وا ئەبێت دو شت بزانی و بتوانێ یەکەم فوت و فەنی نوسەر بزانێ و بتوانێ بنوسێت و دوهەم وەری گێرێکی (مترجم) چاک بێت. ئەڵبەتە دوهەمیەکەیان لەوی تریان دژوارترە، ئەگەر بمانەوێت پەندی پێشینان و یا قسەی نەستەق بکەینە فارسی ئاشکرایە چەندە بێ مانا و بێ تام دەر ئەچێت. ئەم مەسەلە بەر فەراوانتر لە مەیە...

***پەیامی فەدائی:*** دەستان لە سەر خاڵێکی سەیر دانا، لە ڕاستیدا کاتێ کە ستەمی میلی لەهەموو بارێکەوە شی بکریتەوە ئەو سەردەمە باشتر تێی ئەگەین.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ئێزنم بدەن کە گۆشەیەکی تر لە ستەمی میلی کە زقترە باس کەم. یەکێکی ترلە ستەمی میلی هەتک و سوکایەتی ئاشکرایەکە کە لە دەورەی ڕەزا خان کە نوینەری ئیمپریلیزمی ئنگلیز بوو و ئەرکی ئەوە بوو کە هەموو بەشەکانی کومەڵگای ئێران بخاتە ژێر سوڵتەی دەوڵەتێکی مەرکەزی، با پشتیوانی شوینیسمی ئاریایی سەبارەت بە خەڵەکانیتر بە کار دێت. تەنانەت سەبارەت بە گەلی ئازەربایجان بۆ سەرکوت کردنی ڕۆحیەی شۆڕگێڕی و سوک کردنیان مێژوی قەڵب و نا ڕاستیان بۆیان دروست کردوە و هەڵیان پێچاون و پیان ئەڵێن ئەو زوانە کە ئیوە دیالۆگی پێ دەکەن زوانی خۆتان نیە، ئیوە لە گوزەشتەدا مێژویی فارس بووگن!! لە بیرمە کە لە دەبیرستان کە ئەم خویند شانۆیەکیان پی ئەوتین. ئەم شانۆیە باسی چیروکێکی عاشقانەی ئەکرد لە ناو ئەم چیروکەدا پیاوەکانی دەوڵەت (ئەگەر لە بیرم مابێت، ڕەنگە پیاوەکانی مەغول بوو بن) خەڵکی ئازەربایجانیان ئازار و ئەشکەنجە ئەکرد کە واز لە زوانەکەیان کە وەک ئەوە فارسی بوو بێنن و فێری تورکی ببن!! لەگەڵ بێهروز برای شورشگێر و هەرگیز نەرم بەو شانۆیە پێ دەکەنین و گاڵتەمان بە نوسەرەکانی دەکرد. وای لێ هات بوو شانۆکە بوبوو مایەی ڕابواردن و پێ کەنینی بنەماڵەی ئێمە. ئیمڕو ئیتر بە نوسینی شانۆ یەکی بچوک بۆ مندان ڕازی نین و برێک کە خۆیان ناو ناوە لێکولینەوەر کتێبی گەورە گەورەی لەسەر دەنوسن. ئەم پەرتوکانە بە بابەتی جورا وجور تێ ئەکۆشن کە بڵێن تۆرکەکان هەویەتی تورک بونیان بە زۆر لە سەر دانراوە.، واتە چون ئازەربایجان لە ڕابووردویەکی دوردا بە خیاڵی ئەوان قەومێکی ڕەسەنی "فارس" بووگن وە ئیستا ئەبێ زوانی تورکی لە بیر خۆیان برنەوەو دیسانەوە ببنەوە فارس!! ئەم چۆرە کاوێژ کردنە لە خزمت ئیرتیجاع دایە، بەم شێوە کە گەلی تورک هەمیشە بیر بکاتەوە کە وەک سپێلی لای وورگ زیادیە و هەستی سوکیەتی و ناتەواوی بکات. ئەڵبەت لێکوڵینەوە مێژویی لەسەر ئەمە کە بزانین هەر کام لە گەلانی ئێران لە کویەوە هاتوون و چە قوناغێکیان بڕیوە تا گەیشتونەتە ئەم ئاستە شتێکی پێویستە بەو مەرجە لێکۆڵەر بێ لایەنی و لە ڕوانگەیەکی عیلمی وزانستیانەوە ئەو کارە ئەنجام دات. بەڵام مەسەلەی ئاماژە پێکراو سەبارەت بە ئازەربایجان شتێکی جودایە. ئەو جۆکانەش کە دژ بە گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی تورک دروست ئەکرێت جگە لە غەرەزاوی و کینەتوزی ئیرتیجاعی نەبێ شتێکی تر نیە. ئەمانە ئاکامی هەوڵ و تەقەلای ئیرتیجاعیەیە بە مەبەستی سوکایەتی کردن و ڕوخاندنی ڕۆحیەی شۆڕشگێڕانەی ئەو گەلانەیە. ئەمە فەرهەنگی زاڵە (مسلط) کە لە لایەن برێ کەس لە جەماوەردا بە کار دێت، واقعیەت ئەوەیە کە "فەرهەنگی زاڵ فەرهەنگی چینی خاوەن دەسەڵاتە" ئەمە یەکێکە لە دەس کردەکانی مارکس لە ژیانی کومەڵایەتیە و مێژوو سەلماندویەتی. بێ هوودە نیە کە ئەبینین عونسورێک لە ناو گەلێکدا هەڵ ئەکەوێت و دژ بە گەلێکی تر جۆک بە مەبەستی سوکایەتی کردن دروست ئەکات. ئەمە شتێکی سەیر نیە. بەرخوردی ئاوا کەسانێ بە مانای تەسلیمی بوونیانە بە فەرهەنگی چینی خاوەن دەسەڵات و ئاگاهانە و یان نائاگاهانە لە پرە سندنی دا تێ کەکۆشێ. ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە بۆ دەورانی ڕاپەڕینی و قەیامی بەهمەن مانگ، ئەوکاتە کە فەرەنگی ئینقیلابی ڕەواجی هەبوو و فەرهەنگی زال ڕوخا بوو مەردوم لەجێگای جۆک بۆ تورک و عەرەب و هتد دروست کەن جۆکیان بۆ ڕابەرانی

حکومەتی و شێخ و ئاخوندەکان دروست ئەکرد. جۆکەکانی ئەو سەر دەمە بۆ خومەینی، مونتەزری، بەهیشتی و ئە وانی تر نیشانەی هەستی هونەرمەندانە وناسکی بیانی دانەرانی جوکەکان بوو.

ئەتوانین سەبارەت بە جەنبەکانی جوراوجوری مەسەلەی ملی ئاماژە بکەین. بەڵام ئەوەی کە گرنگە و ئەبێت ڕوون ببێتەوە ئەوەیە کە ئایا نا بێت بەم وەزعە دوایی بێنین؟ چ زە مینەیەک جگە لە ئەوە کە هەموو گەلەکانی ئێران ئەبێت بە مافی یەکسانی و بەرابەر بگەن بەو وەزعە کوتایی دێنێت؟ ڕوون و ئاشکرایە ئەو کەسە کە خوازیاری مافی دیموکراتیک بۆ گەلەکانی ئێرانە، ئەو کەسە کە هەڵویستی برابری هەڵ بژاردوە ئەبێت بۆ بە دی هێنانی مافی یەکسانی و بەرابەری گەلەکانی ئێران هەوڵ بداو پشتیوانیان لێ بکات. هەر ئەمە یەکێکە لە خواستە ئەسڵیە کانی گەلانی ئێران و گەلی ئازەربایجان. نە گەلی فارس و نە هیچ گەلێکی تر هیچ مافێکی تایبەتی و جیاوازیان لە گەلانی تر نیە.

***پەیامی فەدائی:*** لە و ڕوانگاوەوە کە ئێوە سەیری مەسەلەی میلی ئەکەن ئاشکرایە کە ئەم مەسەلە بە یەکێک لە گیرو گرفتەکانی(معضلات) بزوتنەوەی دیموکراتیک ئێران ئەزانن و پێشنیاری ڕێگا حەلی دیموکراتیکیشی بۆ ئەدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر وەک ئەزانن بڕێک لە هێزە سیاسیەکان یا مەسەلەی پارستنی "ئێرانێکی یەک پارچە" – "تمامیت ارضی" دێننە ئاراوە، یان لە ژێر ئاڵای دژایە تی "ناسیونایسم" دا سەیری مەسەلەی میلی ئەکەن. بڕێکیش تەنانەت ئەڵێن لە ئێران دا شتێک بە ناو مەسەلەی ملی وجوودی نیە. بەرانبەر بەمانە ڕای ئێوە چیە؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ڕاستە، کەسانێ هەن کە کاتێک باسی "گەلی ئێران" (ملت ایران) ئەکەن تەنیا مەبەستیان گەلی فارسە، ئەڵبەت ئەڵێن هیندی "قەوم"یچ بەدەوریا ئەم گەلەدا کو بونەتەوە. ئەمانە بە ئاشکرا بوونی نا بەرابەری لە مابەین گەلانی ئێران دا ئینکار دەکەن. ئەمانە بۆ پاراستنی سەرکردایەتی و ئاغایەتی فارسەکان پێ یان داگرتوە و هەر چەشنە گوڕان کاریەک لەم وەزعەدا خەتەرێک بۆ لە ناو چوونی "تمامیت ارضی" ئێران ئەزانن. ئەمانە و خاوەن ئەو بیرو بۆچونانە کە ئێوە ئیشارە تان بۆی کرد، سە ریان لە ئاخوڕ دایە، ئەوەش ئاخوڕی شوینیسم و ناسیونالیسمی بورژوازیە. ئەمانە بە ئاشکرا ئەڵێن. بەڵام بڕێک ئەڵێن لەئێراندا مەسەلەی میلی نیە چون شەرم ئەکەن و نایانەوێت ڕاستەوخۆ بڵێن لە مەسەلەی ئاغایەتی و مافی تایبەت و جیاواز بو فارس، پشتیوانی ئەکەن لەم درگاوە تێنە ژورەوە. ئەمانەش بەم بونەوە بوونی فرە نەتەویی(کثیرالمله) لە ئێراندا ئینکار دەکەن. پێمان ئەڵێن چیتان لەم وەزعە داوە وازی لێ بێنن و مەیگوڕن. ئەڵەبتە بیرو باوەڕی خویان لە چوار چێوەی سیاسی ئیدئولۆژی دەر ئەبڕن چەمکێ کە ئەبێت لێی بکوڵینەوە.

بو نمونە یەکێکیان، بو ئەوە بی سەلمێنێ کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیی نیە و جگە لە فارس هیچ گەلێکی تری تێدا نیە ئەنوسێت "ئەمە خەیاڵی سیاسی- ئیدئۆلۆژی ئێمەیە کە گەل (ملت) دروست ئەکەت" ئەگەر نە هەموو "مرۆڤ" (ئینسان)ن. وەک ئەوە کە هەویەتی میلی، چینایەتی وهتد بۆ مرۆڤ نیە! وە یان من لە ئێران دا لەگەڵ واقعتێکی عەینی بە ناوی کورد، تورک، بەلوچ، عەرەب و هتد ڕوبە ڕو نیم و تۆ بێژی ئەمە لە خیاڵی (ذهنیت) سیاسی – ئیدئۆلۆژی ئێمەیە کە بە یەکێک بڵێن کورد و بە کەسێ کی تر بڵێن بەلۆچ!! ئەم بیرو بۆ چوونە بێ وینەترین جۆری ئیدە ئالیسم پیشان ئەدا. واقعیەتی عەینی جودا لەوە کە ئێمە چۆن بیر دەکەینەوە بوونی هەیە، زیهنێتی ئێمەش واقعیتی عەینی دروستی ئەکات. کەسێک کە ئەم وتارەی مارکس تێ گەیشتبێت " ئەمە بوونی بەکومەڵی مروڤە کە شعوریان دروست ئەکات نە بە پێچە وانە" بەو چەشنە بیر و باوەڕە پێ کەنینی دێ.

بە هەر جۆر بە دەر بڕینی ئەم چەشنە بیرو باوەڕانە هەوڵ ئەدرێت کە ستەمی میلی لە ئێران دا ئینکار بکرێت. ئەگەر لە ئێران دا هیچ گەلێ جگە لە فارس نیە و هەموو شاروە ندەکانی ئێران "مروڤ"ن ئەمە زیهنێتی سیاسی ئیدئولۆژی ئێمەیە کە گەل (ملت) دروست ئەکات، کە وا بوو شتێک بەناوی ستەمی میلی ڕاست نیە و هەر لەبنەوادا وجودی نیە تا ئێمە بۆ لە ناو بردنی هەوڵ بدەین. ئاکامی ئەم چەشنەبیرو باوەڕە ئاشکرایە: ئەم وەزعە نابێ بگۆڕرێت!....

هەوڵ دانێکی سیاسی – ئیدئۆلۆژی تر کە ئەویچ تێ ئەکۆشێ و بەر دەوامە لە سەر نە بوونی یەکسانی و بەرابەری لە نیوان گەلەکانی ئێران دا و ئاغایەتی گەلی فارس و کۆیلایەتی ئەوانی تر و نەفی "هەویەتی میلی" گەلانی ئێران . بە مەنتق ئەم بو چوونەش لە بۆچوونەکەی پێشو ترە کە لە سەرەوە باسمان کرد ئەچێت، تەنیا بەم جیاوازیەکە ئەم مەسەلەی "هەویەت" ئەخاتە ئاراوە. بۆ چوونی ئەمانە بەم شیوە تیئوریزە کراوە کە گۆیا لە سەرەتای پێک هاتنی گومەڵگای چینایەتی ئیتر مروڤ تەنیا خاوەن هەویەتی چینایەتیە و هیچی تر. ئەگەر ئەم بۆ چوونە قبوڵ کەین واتە گەل هەویەتی نیە، کە وا بوو خەبات بۆ لە ناو بردنی ستەمی میلی ئەمرێکی بێ مانا و بێ هودەیە. ئەم بو چوونە

ئەڵێت خەباتی چی و چتی چی، ئەبێ ئەم وەزعە قبوڵ کەین، ئەگەر هەر کەس ئاڵای خەباتی هەڵ گرد بە ناسیونالیستی دواکەتوو تاوان بار ئەکرێت.

سروشتیە کە خاوەن ئەم بیرو بۆ چونانە کە باسمان کرد، هەر بەم هۆ سەرەکیەوە، سەبارەت بە بزوتنەوەکەی ئازەربایجان نەیان توانی هیچ بڕیارێک و سیاسەتێکی دروست دەر برن و تەنانەت هیچ بەهایەکیان دانەنا بۆ شوڕشی دژ بە ستەم و زوڵمی مەردوم دژ بە ڕەژیمی سەر بەئیمپریالیسمی کوماری ئیسلامی.

بە نەزەری من، ئەو مروڤانە کە خەبات ئەکەن بۆ ئازادی، بەرزبونەوە(ترقی) و پێشکەوتن بە تایبەت کومونیستەکان، لە پلەی یەکەمدا ئە بێ مەسەلە میلی بەهەموو ناحەزیەکانیەوە وە ئەو کویرە وەری و هەژاری و ناتەواویە کە ئەم مەسەلە بە تایبەت بو کارگەران و زەحمەتکیشان دروستی دەکا، هەر وە ها تەواوی ئەسەرە مەنفیەکانی کە لە سەر کومەڵگا دای ئەنێ بە هەموو شێوەیەک بناسن و بیزانن. <u>ئەبێ دان بەو ڕاستیەدا بنین هەر چۆن لە کومەڵگای ئیمرودا پیاو ئیمتیازی زور ترە لە ژن، کسانێیش کە لە گەڵی بە دەسەڵاتن(ملت غالب) وە لە ئێران دا واتە گەلی فارس، خاوەن هندێک ئیمتیازن کە خەڵکانی تر لێی بیوەرین و بێ بەشن.</u> بە داخەوە لە بڕێک کەسایەتی سیاسی کە بە داوای خۆیان کمونیستن بیر و بوچونی شوینیسی بە سەریاندا زاڵە و هەر ئەمە بوتە هۆێک تا بە تیئوری پەردازی جۆراوجۆر مارکی ناسیونالیسم بدەن بە هەر چەشنە جوڵانەوەیک دژ بە ستەمی میلی. ئەڵبەتە زۆربەی ئەمانە خۆیان لە گەلی بە دەس ڵات و خاوەن ئیمتیازن و تەجروبەی چەوسانەوەیان نیە.

بە گشتی، خەبات لە گەڵ بیرو باوەڕی شوینیستی و پێ داگرتن (تاکید) بو بە دی هێنانی مافی یەکسان و ئازادی و دیموکراسی بۆ هەموو گەلانی ئێران ئەمرێکی پیویست و حەیاتیە. هەر لە همان کاتدا ئەبێ ئاگادار بین کە خەتەرێکی تر هەرە شە لە جوڵانەوەی میلی ئەکات و ئەوەش خەتەری کەوتنە ناو داوێکە کە ناسیونالیسمە ئەوەش بە ناسیونالیسمەی ئیفراتی بە ناوبانگە. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو خەتەرێکی گورەیە کە تەنیا بو گەلی ئازەربایجان نیە بەڵکو لە بەرانبەر هەموو گەلانی ئێران دایە و هەرە شە لە هەموویان ئەکات.

***پەیامی فەدائی:*** ئەم ناسیونالیسمە چۆنە و خەتەرەکەی لە چیدا ئەبینن تکایە هندیک زیاتر باسە کە شی کەنەوە وە.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** لە بە ناو هێنانی ناسیونالیسمی ئیفراتی، ئاماژە بۆ بەرخوردێکی چەواشە و نا دروست سەبارەت بە مەسەلەی میلی لە ئێراندا ئەکەین. ئەو بەرخوردە کە بە بیانوی واقیعەتی زوڵم و ستەمێ کە لە گەلانی جۆراو جۆری ئێران ئەکرێت و هەر وها کەڵک وەر گرتن لە هەستی نەتەوایەتی گەلەکان هەوڵ ئەدا تا هەر وەها لە ژێر دەسەڵاتی سەرمایە و سەرمایەدارەکان وئیمپریالیست دا بیان هێڵێتەوە. ئیمە لە ناسیونالیسمێ باس ئەکەین کە هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوەیە کە گەلانی بن دەسی ئێران وادار کات بۆ یەکیەتی و هاودەنگی لە گەڵ سەرمایەداران و دواکوتوانی هاووڵاتی، وە بەم جۆرە ڕێگا ببەستێ لە خەباتی دژ بە ئەوانە بە دۆستیان لە قەڵم دا. ئەمانە لە ئازەربایجاندا بە "پان تورکیست" ناسراوون. پاشڵی ئەمانە و چالاکیەکانیان لە دەرەوەی ووڵات بە ئاشکرا دیارن. ئەمانە کەسانێکن <u>کە مەسەلەی میلی بە **ئەساسی ترین** سەرەکی ترین مەسەلە مەردومی ئازەربایجان ئەژمێرن و ئەی خەنە **پێش** هەر چەشنە موبارزە و جولانەوەیکی ترەوە.</u> ئەمانە داوا ئەکەن لە کارگران و جەماوەری ستەم کێشی تورک کە خەباتی چینایەتی دژ بە سرمایەداران، خەبات بۆ ئازادی، رەفا و دیموکراسی واز لێ بێنن و ڕێگای رزگار بونیان لە هەل و مەرجە وەحشتناک و دژوارە تە نیا لە ڕێگای شوڕشی میلی و لە پیناو ووڵاتێکی سەر بە خوی خوماندا خواستەکانمان بە دی دێت.

زۆربەی ئەمانە جگە لە وە کە بوونی چین و تویژ لە کومەڵ دا ئینکار ئەکەن، پیویستەکانی خەباتی چینایەتی نەفی ئەکەن و یان کەم ڕەنگ پیشانی ئەدەن بەڵام پێ دا ئەگرن لە سەر یەکیەتی میلی و بە ئاشکرا دژایەتی لەگەڵ فارسدا زق ئەکەنەوە. ئەمانە هەوڵ ئەدەن کە نە تەنیا خەڵکی تورک بەڵکو هەموو گەلانی تریش دژ بە "فارسەکان" هان دەن. لە ڕوانگای ئەمانەوە کارگەرانی تورک لە جێی ئەوە کە لە گەڵ هاو چینەکانی خۆیان، کارگەرانی فارس، کورد، تورکمەن و عەرەب دژ بە خوین مژە کان یەک گرن ئەبێت لەگەڵ سەرمایەداران و مورتەجعینی "خودی" هەر بە بیانوی ئەوە لە یەک میلەتن یەک بگرن. سەبارەت بە مەسەلەی تورک ڕسوایی ئەم بۆچونە سیاسیە زۆر ئاشکرایە. ڕسوایەکە لەمە دایە کە ئەمانە بە کارگەرانی تورک پێشنیار ئەکەن کە لەگەڵ کەسانی مرتجیع و دواکەوتوی وەک خامنەای، موسەوی تەورێزی، موسەوی ئەردەبیلی، خەڵخاڵی و مەلا حەسنی دا یک بگرنەوە و یە کیەتی دامەرزێنن، نە ئەمە کە ڕێگای ڕزگاری خویان لە یەکیەتی لە گەڵ کارگەرانی فارس دا! هەر ئەمانەن کە تەبلیغی جودا بونەوەی گەلەکان ئەکەن و تەنیا ڕێگای ڕزگار بوون لە جودا بونەوەدا جاڕ ئەدەن. وەک ئەوە کە بە دامەزراندنی وڵاتێکی جودا و سەربەخو و یەک میلەتێ هەموو گیر و گرفتەکانی ئەو کومەڵگا لە ناو ئەچن. لە

کاتێکدا سەبارەت بە ئازادی و ڕزگاری گەلێک لە وڵاتێکی فەرزی وا دا چۆنیەتی ماهیەتی چینایەتی سەردەم دارانی ئەو دەوڵەتە فەرز کراوە مەسەلە اساسی و سەرەکیە. لە ڕاستیدا ئەتوانین هەر ئەم بابەتە بۆ ئەوانەکە مەسەلەی "فیدرالیسم" وەک باشترین ڕێگا حەل پێشنیار ئەکەن، بە کار بێنین. وەک ئەوە هەر ڕەژیمێکی ئیرتیجاعی و دژ خەڵکی، کونەپەرست و سەرکوت گەر، ئەتوانێ ئەم جارە لە ژێر ناوی فیدرالیسم دا داوخوازیکانی ئەو گەلە جێ بە جێ و دابینیان کات! هەر گیز وا نیە، ئەمە ئەو ڕێگا نیە کە جەماوەری چەوساوەی ئیمە هەڵی بژێرن. ئەو ڕێگایە نیە کە لەوێ وە بتوانن تەنانە هنگاوێ نزیک ببنەوە لە ئامانجەکانیان کە بریتیە لە ئاشایش وئازادی و دموکراسی. بە وورد بونەوە لە سیاسەتی ئیمپریالیستیەکانی ئەمڕۆ  ئاشکرایە کە ئەو سیاسەتانە ڕێگای دابین کردنی ناکۆکی، دوبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان گەلانی ئێرانیان گرتوەتە بەر. ئەو چەشنە بیرو باوەڕە چەواشە و ئیرتیجاعیە زەمینە سازکەر و ڕێگا خوشکەرە بۆ دابەزینی سیاسەت و پلانەکانی ئیمپریالیسم. خەتەر لە مەدایە کە دوژمنانی یەکیەتی کارگەران و زەحمەتکێشان ئێران بتوانن چوکڵە شکێنێ بکەن و ناکوکی بخەنە نیوان خەڵکەکانی ئێرانەوە و هێزی وتوانایان بەرانبەر بە دوژمنی موشتەرەک دابەزێنن. بەم چورە ئیمپریالیستەکان و هاو پەیمانە کانیان ئە توانن دانە دانەی خەڵکەکانی ئێران بە چەشنی جیاواز بە توانا ترو پتەو تر لە جاران بخەنە ژێر دەسەڵات و سوڵتەی خویان و بەر داوام بن بۆ پێش بردنی کردەوە و ئامانجە کانیان.

***پەیامی فەدائی:*** جگە لەم بۆچونە توند ڕەوە، ڕوانگایێکی تری هەڵە لە ئازەربایجاندا هەیە بە "ڕواڵەت پەسەند" کراوە، بیرو بۆ چوونو ڕوانگای "دوی خوردادیە" کانە، واتە ئیسڵاح تەڵەبەکان ئەڵێن ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ لە ناو بردنی ستەمی میلی. ئایا ئە مە دورستە؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ئیمڕۆ لە ئێران دا هندێک تیکوشەرانی سیاسی تورک هەن کە بۆ مەسەلەی میلی تێ دەکۆشن. ئەمانە خواستە کانی میلی گەلی تورک دەر ئەبڕن، بو نمونە داوای ڕەسمێت دان بە زوبانی تورکی لە ڕادەی فێربونی ئاکادمی لە سەرتایەوە تا زانکو ئە کەن. بەڵام داواکاریە کانی ئەمانە لە چوارچێوەیەکی بستراو(محدود) دایە و نایانەوێت زیاتر لەوە پەرە بسێنێ و بەرز بێتەوە. یان داوا ئەکەن لە ڕەژیم کە لە ئازەربایجاندا ڕادیو تلویزیونی تەواو کات دانێ ئیتر بۆیان گرنگ نیە ناوەرۆک و دەقی ئەوشتانە کە بەزوانی تورکی بەڵاودەبێتەوە ئەبێ چی بێت. لە ڕاستیدا ئاکامی ئەم داواکاریە بەڵاو کردنەوەی فیر کردنی فەرهەنگی ئیرتیجاعی و بۆ گەنیوی چینی دە سەڵاتدارە بە زوانی تورکی. کارگران و جەماوەری ستەم لێ چووی تورک زوان بە فێر بوونی ئەو چەشنە ئەدەبیاتە نیازمەندە کە <u>هاو کات لە گەڵ ئەوە کە بە زوانی خۆیانە</u>، - وە هاوڕێ عەلی ڕەزای نابدل ئاماژە بۆ کردە وە- بتوانێت "هەستی کومەڵایەتیان دەر بڕێت، ئاسۆی بۆچون و بیرو باوڕیان پەرەپێ بدا، پلەی زانست و ئاگاهی چینایەتیان بەرزکاتەوە، هیوا لێ هاتویان پتر کات" ئەگەر نە وەک هاوڕێ سەمەدی بێهرەنگی ئەڵێت " نا توانین بۆ هەر ووتەیەکی موزەخرەف چون بە زوانی زگمایە ڕێز دانێن"

لە لایەکی ترەوە، ئە مڕۆ لە ئێران دا خەباتی نەتەوەی (موبارزە میلی) کە بەشێکە لە خەباتی دیموکراتیکی مەردوم کە لە پرۆسەدایە، بەڵام بە داخەوە، هەوڵ ئەدرێت کە بیرو بۆ چوونێکی نا دروست بەڵاو کەنەوە و زاڵی کەن بە سەریا، کە گۆیا جوڵانەوەی میلی وەک لایەنەکانی تری جوڵانەوەی دیموکراتیک، بە بێ ڕوخان و لە ناو چوونی ڕەژیمی کوماری ئیسلامی، بێ ئەوە کە جیهەت بدەین بە جۆڵانەوەکە بۆ لەناو بردنی سیستەمی سەرمایەداری حاکم و بە بێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەتەواو مانا(واقیعن) دیموکراتیک ئەتوانێت <u>دابین بکرێت!</u>

تەرحی هەڵویستی ڕوا و دروستی نەتەوەیی، بە بێ تیار کردنی جەماوەر بۆ لە ناو بردنی ڕەژیمی کوماری ئیسلامی، بە بێ هێرش کردنەسەر سیستەمی ئابوری – کومەڵایەتی هاوکات ، واتە سەرمایەداری حاکم لە ئێران، هێز و توانای هێزە شوڕشگێڕەکان بە فیڕو دەبا. ئەم ڕاستیەیە (حەقیقەتە) بەرانبەر بە جوڵانەوە کانی تر کە لە کومەڵگادا هەن هەر بەو چەشنە کاریگەرە. بۆ نمونە هەوڵ ئەدرێ کە جوڵانەوەی ژنان لە ئێراندا بخریتە ئەو کاناڵەوە کە کاری بە گوڕان کاری بونیادی سیستەمی زاڵمانەی سەرمایە داری نەبێت و تەنیا داوا بکەن لە ڕەژیمی کوماری ئیسلامی یاساکانی دژ بە ژن لا بات. لە ئاوا هەڵویستێک هێزە دژ خەڵکەکانی حیزبی تودە و ئەکسەریەت (سازمان اکثریت) ئە توانن لایەنگری بکەن و ئەی کەن.

***پەیامی فەدائی:*** ئیستا کە لاینە جۆراو جۆرە کانی مەسەلە میلی باس کرا ئیزن بدەن ڕاستەوخۆ نەزری ئیوە سەبارەت بە هەڵویستی ئەساسی مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنوسیان دا بپرسم. ئایا هێشتا ئەم هەڵویستەتان قەبوڵە؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بەڵێ من مافی چارە نوس و مافی جودا بونەوە بە ئەساسی ئەزانم و بێ قەبوڵ کردنی ئەوانە کەس ناتوانی بلێ من کمونیستم و یا بڕوام بە دیموکراسی هەیە. هەر وەک ئاگاداران چریکە فەدائیە کانی خەڵکی ئێران لە ساڵی ٦٢ دا نامیلکەیەکی بەڵاو کردەوە لە ژێر ناوی " بۆ چونەکانی ئیمە بەرانبەر بە مەسەلەی میلی لە ئێران بە گشتی و بەتای بەت لە کوردستان" هەر چەند نامیلکەیەکی بچوک بوو، بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی میلی ئاماژەی کرد بووە ئەساسی ترین بەشەکانی ئەو مەسەلەیە. بە تایبەت لە ڕوانگەی جۆراو جۆرە وە ئەم هەڵویستەی لە ئێراندا لێکدا بووەوە. من هێشتا باسە ئەساسیە گشتیە کانی ئەو نامیلکەیەم قەبوڵە. هەر لەبەر ئەمە نامەوێت ئیتر پتر لەمە لەم بابەتەوە بدووم هەر کەس پێ خۆش بێت ئەتوانی ئەو نوسراوە لە سایتی چریکە فەدائیە کان خەڵکی ئێران دا (www.siahkal.com) پەیدا کا و بخوینیتەوە.

ئیزنم بدەن کە ئاماژە بکەم بو نە زەری بڕێ کەسان کە خۆیان بە کمونیست ئەزانن سەبارت بە "مافی جودایی". ئەم تاقمە بە هیچ جۆریک ئەمەیان قەبوڵ نیە و هۆی سەرکی ئەم باوەڕو بۆچونە سەرچاوەئەگرێت لە زاڵ بوونی فیکری ناسیونالیسم بە سەریاندا و ئەڵێن جودایی! ئەی "تمامیت ارضی ایران" چی بەسەر دێت؟ هەر ئەمانە لە بەرانبەر هەڵویستە هاندەرو کینەدارە کەی ئەم دوایەی "جمهوری آذربایجان" لەسەر یک گرتنی هەر دو ئازەربایجان و دانانی دەوڵەتێکی موشتەرەک، هەستی ناسیونالیستیان ئەبزوێ و ئەڵێن چۆن شتی وا دەبێ ئازەربایجانی باکوریش لە پێشدا هی ئێران بوو لە دەورەی تزاردا داگیر کراوە کە وا بوو با ئەوان بێنەوە بۆ لای ئێمە و ئازبایجانێکی یک کرتوو دامەرزێنین و پاتەختەکەشی ئەبێ تەورێز بێت! سەیرە! ئاسۆی مەسەلەی میلی لێرەدا زۆر نزمە و بەر بسراو. ئەمانە کارێکیان بەوە نەداوە کە جەماوەر، لە ژێر سوڵتەی کام کۆمار (جمهوری)دا بێت، کۆماری ئازەربایجانی لە ژێر سوڵتەی ئامریکا یان کوماری ئیسلامی سەر بە ئیمپریالیسم. لەم بیرو بۆچوونەدا تەنیا وڵات (کشور) گرنگە، ئەم ڕوانگایە هیچ نزیکیەکی بە کمونیستەوە نیە. بۆ کمونیستەکان نە سەرزەوی و چوارچێوەی جوغرافی و وڵات، بەڵکو خۆشبەختی مروڤ، دابین کردنی ئازادی و ئاسایشت گرنگترە. هەر لە بەر ئەمە لە هەر قوناغیکدا ئەبێ لەگەڵ واقعیتەکانی ئەو کاتەدا بەر خورد بکرێت و بزانین کە ئایا خوشبەختی جەماوەر واتە، ئاسایشت، ئازادی و دیموکراسی لە گرەوی یەکیەتیان لە گەڵ خەڵکانی تردایە و یان جوداییاندا؟ هەر ئەمە و بەس.

با ئەمەش ئیشارە پێ بکەم کە مافی جودایی وەک مافی تەڵاق وایە. هیچ کەس خەڵک هان نادا بۆ تەڵاق و جودا بونەوە، بەڵام ئەبێ بە سەختی لە "مافی تەڵاق" لاینگری بکریت. لێکدانەوەی (تە حلیل) بارو دوخی ئێران لە گەڵ هەمو واقعیتەکانی داخلی و نیو نەتەویدا پیشان ئەدا کە ئازاد بونی جەماوەری لە ژێر ستەمی ئێران لە گشت ئەو زوڵمە بەر فراوانەی ئیستادا وە گەیشتن بە خوشبختی و ئاسایشتیان بستراوە بە یەکیەتی و هاویاری و پشتیوانی کردن لە هیزە یەکبوونی خۆیان دژ بە سەرمایە داران و ئیمپریالیسم و نوینەرە سیاسیە کانیان. هەر لەم ڕوانگەوە ئیمە ئەبێت بەرانبەر بەسیاسەتی ئیمپریالیستی "ناکوکی بنێرەوەو حکومەت بکە" کە ئیمرو ئیمپریلیسم ئامریکا کەوتوەتە شوینی بە ئاشکرا بەر هەڵستی بکەین و ئەو سیاسەتە مەحکوم کەین. مەسەمەی میلی لە ئێران گرێ دراوە بە مەسەلەی دیموکراسی و سوسیالیسمەوە، و تەنیا بە فەراهەم بوونی ڕابەری چینی کارگر لە بزتنەوە ی دیموکراتیک و دژ بە ئیمپریالیسم و سەرکە وتنی ئەم جولانەوەیە دایە کە مەسەلەی میلی بە تەواوی و بە باشترین شێوە لە بەرژە وەندی خەڵکەکانی ئێران دا چارە سەر ئەکرێت.

***پە یامی فەدائی:*** با بگەڕێەوە سەر باسی بزوتنەوەکەی ئازەربایجان. هەر چۆن کە ئاگادارن دوای بەرز بوونەوەی جوڵانەوەکە و پەرسەندنی کە دوژمن چاوە نواڕی نەدەکرد، ڕەژیم بە پەلە و شپرزەیی ڕۆژنامە "ایران"ی بەست و کاریکاتوریستەکەی دەسگیر کرد. چۆن ئەم ڕوداوە ئەبینن؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ترس و خۆفی ڕەژیم – مەبەست هەموو کاربەدەستان و بەڕێوە بەران لە دەسەبندی و باڵەجۆراوجۆرە کانی ناوەوەی – زۆر لە پەرەسەندنی بزوتنەوەکە ترسا بوو. لەبرانبەبەر جوڵانەکەوە ڕەژیم جگە لە بە کار هێنانی سیاسەتی سەرکوت کردنێکی خویناوی، چاودێری کردنی هەمو کەرەستە ڕاگەیەنەرەکانی ڕاستەوخۆ گرتە ئەستۆ، بۆ بەرگری لە بەڵاو بونەوەی هەر چەشنە هەواڵ و دەنگو باسێک سەبارەت بە بزوتنەوەکەی ئازەربایجان،(تەنیا دو ئورگانی ڕەسمی ڕەژیم چەند هەواڵی کورتیان نوسیبوو) جگەلەمە ڕژیم کردەوەیەکی تازەو فریو کارانەی بەکار هێنا. نەتەنیا نمایەندەگانی تورک زوانی مەجلیسی ئیرتیجاعی ڕەژیم بێ حورمەتی بەخەڵکی ئازەربایجانیان مەحکوم کرد و لە ڕواڵەت دا هاو دەنگی خۆیان دەر بڕی، بەڵکو هەر وها هیندێک لە " ئوپوزیسیونی خودی" وتیان "ژیرانە ترین بەرخوردی حاکمیەت بەرانبەر بە ناڕەزایەتی وڕاپەڕینی گەلی ئازەربایجان" لەوەدا بو کە "چەند مەقامی پایەبەرز" لە هەویەتی میلی گەلی ئازەربایجان لایگری بکەنو لە

ڕەد کردنەوەی بێ حورمەتی بە زوانی تورکی خۆ دە خەن. هەر لەبەر ئەمە خامنەیی، فریوکارانە بە دڵدانەوەی مەردوم و بە زوانی تورکی نوتقی کرد و بە لاسای کردنەوەی ئەو هەڵویستە کە لە بزوتنەوە کە دا درابو مەردومی ئازەربایجانی پشتیوانی "ئینقیلاب" – مەبەستی وجودی نەحسی خۆی بوو – لە قەڵەم دا. ئەو بەزوانی تورکی ووتی (آذربایجان اویاخدی، "انقلاب" دایاخ دی). بو کپ کردنەوەی بزوتنەوەی جەماوەر هێزە کانی سەربە ئوپوزیسیونی خودی داوایان کرد کە وەزیری ئیرشاد بو جواب دانە وە بانک بکرێت (استیضاح) و سەر کوماریش داوای لێ بووردن لە گەڵی ئازەربایجان بکات. (ئەوانە ڕەستەی "ملی آدربایجان"نیا بە کار هێنا). ئەحمدی نژاد هم دەس بەکار بوو لە بڕێک شویندا بێحورمەتی بە مەردومی ئازەربایجانی مەحکوم کرد. چ شتێک جگە لە ترس و و هەراس لە بەرز بوونەوەو پەرەسەندنی خەباتی مەردوم ئەیتوانی بەم شێوەیە ڕابەران و کاربە دەستانی خۆ بە زل زان (متکبر) و دیکتاتوری کوماری ئیسلامی زەبون و سەر شۆر کا و بیان خاتە چاپلوسی کردن بۆ مەردوم!؟

***پەیامی فەدائی:*** دیارە چاک کوتو بونە پە لە قاژ؛؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** بەڵێ، هەل و مەرجی جوڵانەوە دای سەپاند بە سەریاندا.

***پەیامی فەدائی:*** هەر وەک ئەزانن شایەتی ئەوەش بوین کە کسانێ هێرشیان کردەسەر بزوتنەوەکە و ووتیان ئەم جوڵانەوەیە دژ بە ئازادی بیانە. ئەم تئوری پەردازیە واتە شۆڕشی مەزنی خەڵکی بو لە ناو بردنی ئازادی بیان ناسین سەیر و پێ کەنین هاوەرە، بەڵام بە ڕاستی ئایا مەردومی ستەم لێ کراوی ئازە بایجان دژ بە دیکتاتوری و ستەمگری و ڕوخانی حاکمیەت و بەدەس هێنانی ئازادی بەیان بوو، یان دژ بە ئازادی بە یان!!؟؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** ئەم جورە بەر خوردە بە جدی مەگرن. خاوەنانی ئەم تئوریە ئەگەر دڵیان بۆ ئازادی بەیان لێ بدایەت، دژ بەئازادی بەیان گەلەکان بە زوانی میلی و زگمای خویان ڕانەدەوستان. ئەم جورە قسانە تەنیا بو چەواشە کردن و سەر پۆش دانان لەسەر واقعیەتە ئەساسیە کەیە. زۆر کەسان بوون کە گویان ڕاگرت بۆ ووتارەکە بی بی سی کە پێشتر باسمان کرد و دروست کردەوەکانیان بەرابەر بەوە ڕێک خست. با بە ئاشکرا بڵێم من کارم نیە بە ئەو کاریکاتوریستە کە ئەو کارە پیسە ئیرتیجاعیەی کردوە، لە بەر ئەوە ڕەنگە ئەویش کار بە دەستێکی سادەی ئەو ڕوزنامە بێت و لە ژێر فەزایەکی تایبەتیدا ئەو کارەی کرد بێت. مەسەلە لەسەر تاکە کەس نیە. لەو ڕوژنامەدا ئیتلاعاتیەکانی ڕەژیم کار دەکەن. کاتێک لە بوونی دەسی ناپاک ناو ئەبرێت وە لە بەرنامەی شوم بۆ مەردومی ئێمە ناو ئەبەن ئیتر مەسەلەکە بە کاریکاتوریستێک و یان هەموو کار بەدەستانی ڕۆژنامەکەو تەواو نابێت. بە ڕاستی ئەبێ بزانین چ کەسانێک <u>بەکردەوە</u> بەم شتانە پەرەئەدەن؟ ئەو هەڵویستە پان تورکیستیانە کێ خستیە سەر زاری خەڵک؟ مەسەلە زۆر گرنگ ترە لە مەسەلەی تاکە کەس هەرچەن ئەو کردەوە ناشیرینە کە بە شیوەیەکی ئیرایجاعی ڕەواج ئەدا بە فەرهەنگی زاڵ مەحکوم ئەکرێت.

***پەیامی فەدائی:*** ئاخەرین پرسیارم ئەمەیە، ڕوداوەکانی ئازەربایجان جارێکی تر پەردەی لە سە ر ستەمی میلی لا برد و پیویستیەکانی بەرخوردێکی دورست لە سەر مەسەلەی میلی زق کردەوە و خستیە بەر دەس هەموانەوە. چ ئەبێ بکەین تا خەباتی مەردوم چەواشە نەبێ و نە کەویتە کاناڵێکی نا دورستەوە و بە گشتی کام سیاسەتی شەفاف ئەتوانێت یەکیەتی هەموو گەلانی ئێران دابین و پتەو کاتەوە؟

***هاوڕێ ئەشرەف:*** وەڵامی ئەم پرسیارەم لە ناوە ڕۆکی ووتویژە کەدا داوە تەوە، بەڵام بە کورتی و بە چە شتێکی تر ئەیڵێمە وە. حکومەتی مەرکەزی سەر بە ئیمپریالیسمە و هەر لەم ڕوانگاوە دژ بە میلەتانە، هەر چەن، <u>با واز لەوە بێنین کە سەرانی ئەم ڕەژیمە وەک تاکە کەس لە کام میلەتن</u> و بو گەلانی ئێران جگە لە گەلی فارس چەوسانەوە و(ستەمی موزاعیف) ڕەوا ئەبینی. کوماری ئیسلامی سە رە ڕای ئەو هەموو "امت اسلام" ووتنانەی، سەرە ڕای ئەوەی کە سەران و بە ڕێوە بەرانی زۆربەیان فارس نین، بەڵام هەمان سیاسەتە شوینیستیانە بە کار دێنێ کە ڕەژیمی شوینیستی سەڵەنەت بە کاری ئەهێنا. بروا هێنان بەمە کە ئەم ستەمە هەیە، بەڕەسمیەت ناسینی خەباتی مەردوم بو ئازادی و دابین کردنی مافی هاو بەش بۆ هەموو گەلانی ئێران، یەکەم هەنگاوە بۆ پاراستنی یەکیەتی لە نیوان جەماوەری زەحمەتکێشی ئێراندا. دو پاتی ئەکەمەوە **کە کارگران و جە ماوەری ستەم لێکراوی فارس نە تەنیا هیچ چەشنە دژایەتێکیان بەرانبەر بە مەسەلەی میلی لە گەڵ گەلانی تری ئێرانیدا نیە بەڵکو بۆ مەسەلەیەکی مەزن ترو ئەساسی تر واتە بەرگریو برینی دەستی ئیمپریالیسم و سەرمایە ئیمپریالیستەکان لە ئێران کە ئیستا لە کاناڵی ڕوخاندنی ڕەژیمی کوماری ئیسلامی جێ بە جێ دەبێت، خاوەن بەرژەوەندیکی هاوبەشن.** لە ڕاستیدا، بە بۆنەی سوڵتەی ئیمپریالیسم لە هەموو گیروگرفتەکانی کومەڵگای ئێمە لە بارەکانی ئابوری، سیاسی و نیزامی، مەردومی ئێران واتە جەماوەری ستەم لێکراو و هەموو خەڵکەکانمان خوازیاری لە ناو

بردنی ئەم سوڵتەیەن و بە زوانێکیتر داواکاری سەربەخو بوون لە ئیمپریالیزمن. مانای ئەمە ئەوەیە کە هەموو خەڵکەانی ئیران خاوەن یەک مەسەلەی میلی هاوبەشن.

لەم ڕوژانەدا لە پەیوندی سیاسەتی ئاژاوە و ناکوکی نیانەوی ئیمپریالیسم لە هەر کاتیکی تر زۆرتر شاهیدی بیر و بۆ چوونی جودایی و یا بە شیوەیەکی تر دابین کردنی فدرالیسم لە ئیران داین، کە برێک وەک خویان ئەڵێن بەرخوردی "دیموکراتیک" قەبوڵیان کردوەو تەبلیغی بۆ ئەکەن. لەم پەیوەندیە دا بە پیویستی ئەزان کە بڵێم، ڕاستە هەرهێزێکی سیاسی مافی هەیەکە بیر و بۆ چونەکانی خۆی لە نیو خەڵکدا تەبلیغ کات، بەڵام گرنگە کە پێ داگرین لە سەر ئەوە کە لە حەقیقەتدا **بەرخوردی دیموکراتیک حوکم ئەکات کە هیچ ڕێکخراوەیەک چ سازمان و چ حیزبی سیاسی ئەو مافە نەدەن بە خۆیان کە لە جیگای مەردوم بریار بدەن؛** وە ناوە رۆکی هەڵویستی " هەڵ بزاردنی مافی چارە نوس" هەر ئەمەیە. سەبارەت بە مەسەلەی میلی، تەنیا مەردم خۆیان ئەتوانن چارەنوسی خویان هەم بژێرن. هەر ئەوان بۆ خۆیان ئەتوانن بریار بدەن کە خۆش بەختی خویان لە جودا بوونەودا ئەزانن، لە فیدرالیسمدا بە دی دەکەن، و یان ئەیانەوێت لە یکیەتیکی دیموکراتیک لە گەڵ یەک و بە چەشنی مەرکەزیتی هاوبەش واتە – مەرکەزیەتی دیموکراتیک – بمیننەوە. ئەمەش زۆر گرنگە ئاگاداری ئەوە بین کە **گەل و جەماوەرەکانی تەنیا لە هەل و مەرجێکی دیموکراتیکدا ئەتوانن ئازادانە سەبارەت بە چارەنوسی خویان بریار بدەن.** هەر لە بەر ئەمە خەبات و موبارزە بو دیموکراسی بە بێ یەک و دو کردنەوەی یەکەم شەرتە بو چارە سەر کردنی دیموکراتیکی مەسەلەی میلی. لە پیناو تێکوشانیکی وادا دەر ئەکەویت کە، ئەگەر هێزێکی سیاسی لە واقیعدا مافی چارە نوس بۆ گەلان بەڕەسمیەت ئەناسی، پیش هەر شتێکی تر ئەبێ تێکوشی بو بە دەس هێنانی هەل و مەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک. لە ئاکامدا نا توانێت، بە پێچەوانەی ئەمە مەسەلەی میلی پێش شەرت دانی و پێش ئەمری دامەزراندنی دیموکراسی خات. ئە وانە کە ئەڵێن بە چارە سەر کردنی مەسەلەی میلی دیموکراسی بەخویەوە!! بو ئەو "گەلە خیاڵیە" (ملت مفروض) چ لە بە شێوەی جودایی و چ بە شێوەی فیدرالسم دابین دەبێت، تەنیا مەبەستیان ئەوەیە کە خۆڵ بپازنن ناو چاوی گەلەکان و یەکیەتیە کەیان لە خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی تێک دەن.

دیموکراسی بۆ گەلەکان، تەنیا بە لە ناو بردنی دەخاڵەتی ئیمپریالیسم، ناو بردنی سیستەمی سەرمایەداری حاکم و ڕوخاندنی ڕەژیمی دیکتاتوری پاریزەری بەرژەوەندی ئیمپریلیستەکان و سەرمایەداری سەر بەئیمپریالیسم لە ئیران، هەیە. وەئەمانە تەنیا بە هێزی یەک گرتووی گەلانی ئێران جێ بە جێ دەبێت. تەبلیغ و ڕوون کردنەوەی ئەمانە بۆ جەماوەری ئیران یەکێکە لەو ڕێگایانە کە هەوڵو تەقالا بو ئیجادی ناکوکیو لە لایەن هێزە کانی دژ بە ئینقیلاب، وە برگری لە بەڵاو بونەوەی هزری ژەهراوی لە نیو مەردوم بۆ چەواشە کردن و گۆڕینی جیهەتی خەباتەکەیان پەرە ئەسێنێت. پێش بردنی خەباتو ڕابەرایەتی عەمەڵی بزوتنەوەی جەماوەر لەم کاناڵەوە زامنی پاراستنی یەکیەتی نیوان گەلانە. کمونیستەکان و هێزە دیموکرات و ئازادی خوازە واقعیەکان لە کاناڵی بەڕەسمیەت ناسینی هەڵویستی مافی هەڵبزاردنی چارە نوسەوە بو گەلان و مافی جودایی کە بەشیکە لەو هەڵویستە تێ دەکوشن و لایەن گری ئەکەن. تەنیا لە پیناو بڕوا بە ئەم مافە بو گەلانی ئێرانە ئەتوانین خوازیاری یەکیەتی ئازادانە و ئاگاهانە بۆ پێش بردنی خەباتێکی هەمەلایەنە و هاوبەش بین دژ بە دوژمنەکانمان. ئەو یەکیەتی زامنی سەرکەوتن و خۆش بەختی مەردومی ژێر سوڵتە ئیمەیە.

***پەیام فەدائی:*** هاوڕێ ئەشرەف لە کوتایدا سوپاستان ئەکەم بو وەڵامی پرسیارە کان.

***هاوڕێ ئەشرەف:*** لەگەم سوپاس بۆ ئیوە، بە هیوای سەر کەوتنی گەلانی ستەمی لێ کراوی ئێران بەسەر دوژمندا، سەرکەوتو بن.